# خالید دلێر
# ژیان و بەسەرهات و گۆرانی

پ.د.عوسمان حمد خدر     عبدالواحید ئیدریس شەریف

## ١- بوون و پێگەیشتن
## ٢- خەبات و تێکۆشانی سیاسی
## ٣- کارو خەباتی ئەدەبی و هونەری
## ٤- دلێر و گۆرانی هونەری

پێشەکی

دنیای خالید دلێر دنیایەکی ناوازەیە، دنیایەکی شاز و دەگمەنە، دنیایەکی ڕەنگاڵەییە، تەژی لەخەبات و داهێنان و لەزایەڵە.

دنیای خالید دلێر دنیایەکی ئاوێتەیە لەخەبات و لە ئەدەب و لەهونەر.

- خالید دلێر وەک خەباتگێڕ و تێکۆشەری سیاسی.

- خالید دلێر وەک شاعیر و ئەدیب و ڕەخنەگری شۆڕشگێڕ.

- خالید دلێر وەک هونەرمەندی بەهرەمەند و داهێنەر لەبواری سروود و گۆرانی هونەری کوردیدا، کەواتە ئەو چەند کەسایەتی، چەند لایەنی بەهرە و داهێنان، چەند مەشخەڵی ژیان و خەبات و داهێنان بوو، لەبەرگی مرۆڤێکدا بەناوی خالید دلێر.

خالید دلێر ئەو کەسایەتییەی خاوەنی چەندین بەهرە و داهێنانە وەک شیعر، چیرۆک، گۆرانی، سروود، دلێر لەهەر یەک لەو ژانر و بابەتانە توانیوویەتی جێ پەنجەی دیاربێ و شتێکی وتووە کە پێش ئەو نەوتراوە، تا ئەوکاتەی ئەو توێژینەوەیە پێشکەش دەکەین، بەتوێژینەوەیەکی ئەکادیمی، بەنوسینێکی ڕۆژنامەنووسی بەرهەمەکانی نەخراوەتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، بۆیە قسەکردن لەسەر سەرجەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەریی و ڕەخنەییەکانی دلێر کارێکی قورسە، ئێمە لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەندەی پەییمان پێ بردبێ و


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

بۆمان لوابێ ڕۆشناییمان خستۆتە سەر ژیان و گۆرانیەکانی، سەرەتا لە ژیان و بەسەرهاتی دلێر دەستمان پێکردووە، بەسوود وەرگرتن لە دەستنووسێکی بڵاونەکراوەی خۆی، توانیومانە ژینامەیەکی تێر و تەسەلی دلێر بخەینە بەرچاوی خوێنەر، دواتر لەکارو خەباتی سیاسی بدوێین و کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی بخەینە ڕوو. ژانری گۆرانی کە هەمیشە هاوهەستی مرۆڤە لەخۆشی و ناخۆشیدا، دلێر لەم بوارەشدا تەنیا بە (١٥) گۆرانی توانیوویەتی خزمەتێکی بەرچاوی هونەری گۆرانی کوردی بکات، بەتایبەت کە ئەو لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیست ڕووی لەم هونەرە کردووە کە سەرەتایی تۆمارکردنی گۆرانی هونەری کوردی بووە لەئێسگەی کوردی بەغدا، لەم توێژینەوەیەدا هەموو گۆرانیەکانمان بەڕاڤەکردن و چۆنیەتی دانانیان خستۆتە ڕوو، لەتوێژینەوەکەماندا میتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکارهێناوە.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە بریتییە لە:
ژیان و بەسەرهاتی دلێر کە سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت
تەوەری یەکەم بریتییە لە بوون و پێگەیشتن (١- چۆن دلێر دەبێ بەنازناوی، ٢- بەخوێن پەیمان لەگەڵ خۆی دەبەستێک، ٣- چۆن لەکەرکوک دەناسرێت)، تەوەری دووەم بریتییە لە باسی خەبات و تێکۆشانی سیاسی و کوردایەتی دلێر کە لەساڵی ١٩٤٦ لەڕێی کۆمەڵەیەکی خوێندکارانەوە تێکەڵ بە سیاسەت بووە، تادواماڵئاوایی کردنی بەردەوام بووە، لەتەوەری سێیەم باسمان لەکارو بەرهەمی ئەدەبی و هونەری دلێر کردووە.

لەتەوەری چوارەم باسنمان لە چەمک و پێناسەی گۆرانی و مێژووی سەرهەڵدانی گۆرانی کوردی و ڕاڤەکردنی گۆرانییەکانی دلێر کردووە.

## خالید دلێر

## (ژیان و بەسەرهات و گۆرانی)

### ١- بوون و پێگەیشتن:

خالید دلێر لە ١٩٣٣/٨/٢٠ لەگەڕەکی (بەفری قەندی) لەشاری کۆیە لەدایک بووە، باوکی ناوی عبدالواحید ئەحمەد مەلا سلێمانە، باوکی بە(مام واحیدی سۆل درووی) یان واحیدی موختار ناسراوە، دایکی ناوی ئامینە ئەمین مستەفا یاسینە کە خەڵکی شاری قەڵادزێ بووە ((ژنێکی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

جوانی، چاو شینی بێ دەنگ و کەیبانووی چاک و دانەرو خۆڕاگرو بەڕەحم بوو)) (دلێر، دەستنووس)[1].

دلێر بەمندالّی لە (حوجرە) یان سوختەخانە، لەلای مەلا ئەحمەدی ڕەش و مەلا سابیری سوور قاوشانی، قورئانی تەواو کردووە، باوکی ویستوویەتی خوێندنی ئایینی تەواو بکات و ببێ بە مەلا، بەڵام دایکی حەزی کردووە ببێ بەخاوەن پیشە، زۆر جار پێی وتووە ((سنعەتکار بازنی زێڕی لەدەستە)) دلێر خۆشی ئارەزووی لەخوێندنی قوتابخانە بووە، لەئەنجام دایکیشی دێتە سەر ئارەزووی دلێرو دەچێتە قوتابخانە ((پایزێکی درەنگ بوو، ڕۆژێکی قوڕ و چڵپاو بوو، دەمێک بوو خوێندنی ئەوساڵە دەستی پێکردبوو، کە باوکم ڕازی بوو بردمی بۆ قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی لەکۆیە، بەڕێوەبەری قوتابخانە کە مامۆستا (سابیر اسماعیل) بوو، خستمیە پۆلی یەکەمەوە)) (دلێر، دەستنووس).

دلێر لەقۆناغی چوارەمی سەرەتایی خوێندن هەست بەبەهرەکانی خۆی دەکات، شیعری شاعیران لەبەر دەکات، لەڕیزبوونی بەیانیان، مامۆستاکان دەریان هێناوە بۆ خوێندنەوەی شیعری نیشتیمانی.

چۆن (دلێر) دەبێ بەنازناوی:

لەپۆلی چوارەمی سەرەتایی دەبێ، کەتازەناملیکەکەی مامۆستا عەلائەین سەجادی (ناوی کچ و کوڕ بەکوردی) بڵاوبۆتەوە و گەیشتۆتە دەستی ئەوان، هەستێکی سادەو منداڵانە هانیان دەدا، بەپێی ژمارەی خوێندکارانی پۆلەکەیان، لەم نامیلکەیەدا ناوی کوڕ هەڵبژێرن و لەپارچە کاغەزێک بینووسن و دواتر هەمووی بخەنە ناو کڵاوی یەکێک لەخوێندکارەکان، ئەوسا یەک یەک کاغەزەکان دەربهێنن، چ ناوێکیان بۆ دەرچوو، ببێ بەناوی تازەیان و لەناوە کۆنەکە ڕزگاریان ببێ، کەزۆربەی ناوەکانیان عەرەبی بوو، گەرچی دلێر ناوێکی تری بۆ دەردەچێ بەڵام لەگەڵ هاوپۆلێکی بەناوی (عەبدولسەمەد تاهیر) دەیگۆڕێتەوە کەناوی (دلێر)ی بۆ دەرچوو بوو، لەوکاتەوە خالید دلێر ئەم نازناوە هەڵدەگرێ وەک کەسێکی شیعر دۆست.

- لەیەکەم هەنگاو شکست:

[1]- بەسوود وەرگرتن لەدەستنووسێکی بڵاونەکراوەی خالید دلێر، کەبەشێوەی (خۆژینامە - ئۆتۆبایۆگرافی) نووسراوەتەوە زۆر وردەکاری ژیانی تیادا تۆمارکردووە.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

هەرلەپۆلی چوارەمی سەرەتایی، وانەی (کوردی)یان دەبێ، مامۆستاکە لەناو وانەکە باسی شاعیرانی کوردی بۆ کردوون، شیعری شاعیرەکانی لەسەر تەختە بۆ نووسینەتەوە و واتاکەی بۆ شیکردوونەتەوە، ڕۆژێک لەوانەی (کوردی)دا، هاوپۆلێکی بەمامۆستا دەڵێ کە دلێر شیعری داناوە، مامۆستاش داوای خوێندنەوەی شیعری لێدەکات، سەرەتا ناچێتە ژێربارو حاشا دەکات، بەڵام کەهاوپۆلێکی تریش قسەی خوێندکارەکە پشتڕاست دەکاتەوە، مامۆستا دەیباتە لای تەختە ڕەش و لێی دەپرسێ شیعرەکانت چ بابەتێکن ((منیش بەشەرمەوە، شەرمی ئەوەنا کە من مانای عەشق بزانم چیە و ناشێ ئەو جۆرە قسانە لەڕووی مامۆستادا بکەم، ئەمەم هەر لەخەیاڵدا نەبوو.. لەوانەیە هەر هەستیشم پێ نەکردبێ.. بەڵام شەرمی ئەوە کە من بەرامبەر بە مامۆستاکەم بتوانم بڵێم شاعیرم و شیعرم هەیە))(دلێر، دەستنووس).

بەشەرمەوە کە دەڵێ مامۆستا شیعرەکانم عەشقن!!، مامۆستا بەدەنگێکی بەرزو نائاسایی پێی دەڵێت (دەدانیشە عومری خۆت و شیعرت نەمێنێ) خوێندکارەکانیش دەدەنە قاقای پێکەنین و دلێر بەخۆیدا دەشکێتەوە، تا ماوەیەکی زۆر هاوپۆلە بزێوەکان ئەم گفت و گۆیەی دلێر و مامۆستا دووبارە دەکەنەوە، ئەم ڕووداوە بەجۆرێک کار لەدلێر دەکات کە تاماوەیەکی زۆر واز لەشیعر خوێندنەوەی ڕیزی بەیانیان و شیعر نووسین دێنێ، ئەو عەشق و خولیایەی بۆ جیهانی شیعر هەیبوو کزدەبن و ئەم وەڵامەی مامۆستاکە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر دڵ و دەروونی دلێر، لەجیاتی هاندان و دەست گرتن، بەهرەو ئارەزووی دەکوژن، بۆ ماوەیەک لەخەون و جیهانی شیعر دادەبڕێ، بەڵام نازناوی (دلێر) لەو کەوتن و تێکشکاندنە، هەڵیدەستێنێتەوە، درێژە بەکار و چالاکیە هونەری و ئەدەبیەکانی دەدات، بەردەوام دەبێ لەگورج و گۆڵی نواندن لەئامادەکردنی سروود و ئاهەنگەکانی قوتابخانە، ئەم نازناوە لەقوتابخانەوە دەچێتە دەرەوە بۆ ناو شار و هەموو خەڵکی شار بە(دلێر) دەیناسن.

- باوکی دلێر سەرچاوەیەک بۆ هونەر و شیعر:

باوکی دلێر پیاوێکی دڵ تەڕ و شیعر دۆست بووە، زۆر شیعری دڵداری لەبەر بووە، دەنگی خۆش بووە، شەوانی زستان ئەو شیعرانەی بەمقامە کوردیەکان چڕیووە، زۆر جاریش کۆڕی گۆرانی و حیکایەت و بەیت خوێندنەوەی لەماڵەوە سازداوە، بەبەشداری گۆرانیبێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆیە و حیکایەت خوانەکان ((ئەدەب دۆست و دڵ تەڕ و دەنگ خۆش و دونیا و دین ویست بوو، زۆر حەزی لەقسەی خۆش دەکرد، بۆ خۆش کردنی ژیان بەو دڵ تەڕیەی پێوەی ناسرابوو، وەستایانە، زۆر جار قسەی خۆشی دادەهێناو بۆ گوێگر و دانیشتووانی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەگێڕایەوە، باوکم بەو کەسایەتییەی هەیبوو، شەوانی درێژی زستان، یان میوانی دەهات، یان میوانی پەیدا دەکرد، یاخود خۆی دەچووە میوانی خزم و دراوسێ و برادەرەکانی، مەبەستم، سالآنی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانە، هەر منی لەبەر دەست دابووم، وەکو کوڕێکی پارچەڵە، کەبتوانێ هەڵس و کەوتێکی بۆ بکا، کە باوکم میوانی هەبا، دەبوو خزمەتی میوانەکانی بکەم، کە خۆشی دەچووە میوانی، دەبوو فانۆسی لەبەردەم هەڵبگرم، چونکە کۆلآنەکانی کۆیە قوڕ بوون و کارەباش بۆ کۆیە نەهاتبوو، بەم جۆرە لەهەمووماڵێکدا، من لەدانیشتنەکانی باوکم دا بەشدار بووم))(دلێر، ١٩٨٦، ٧).

- بەخوێن پەیمان لەگەڵ خۆی دەبەستێت:

دلێر ساڵی ١٩٤٧ دەبێتە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، لەگەڵ کۆمەڵێک هاوتەمەن و خوێندکاری تر کە زۆربەیان پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوون، (کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری) دادەمەزرێنن، کەناوی ڕێکخراوەکە بە کورت کراوەیی (K.P.X) بوو، ئەم ڕێکخراوە دەبێتە سەرەتایەک بۆ دروست بوونی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)، هەر لەو ساڵەدا بەهرەکانی دلێر لەسێ بواردا دەردەکەون.

١- کارکردن لەناو کۆمەڵەی (K.P.X)

٢- خولیای شیعر نووسین

٣- چڕینی گۆرانی و سروود و ڕاهێنانی دەنگی، بۆ دەرکەوتن وەک گۆرانیبێژ.

دلێر بۆ ئەوەی پەرە بەبەهرەکانی بدات، هەموو کاتێکی تەرخان دەکات بۆ قاڵبوونەوە لەم بوارانەدا و زیاتر شارەزابوون و خزمەت کردن، بۆیە یەکەم هەنگاوی بەم بەڵێنامەیە دەست پێ دەکات کە بەخوێنی خۆی ئەم دێڕە دەنووسێت ((شەرت بێ شیعر و نووسینەکانم هەمیشە بۆ خزمەتی کورد و کوردستان و بەرژەوەندی ئیشکەران بەکار بهێنم))(دلێر، ١٩٨٢، دەستنووس).

ئەم بەڵێنامەیەی لە(کۆشکەکە)ی خۆی، کە تایبەت بوو بەخۆی، لەسەربانی ماڵی خۆیان تێیدا دەژیا، خوێندنەوە و نووسین و بیرکردنەوەی هەموو لەم کۆشکەدابوو، ((ڕۆژێکی لەکۆشکەکەمدا، کەس ئاگای لێم نەبوو، تا ئێستاش ئەم باسەم بۆ هیچ مرۆڤێک نەگێڕاوەتەوە، ئێوە یەکەمین کەسن لێمی دەبیستن، بەگوێزان دڵۆپێکم خوێن لەدەستم دەرکرد.. بەقەڵەمی ئوچ نووسیم... لات سەیر نەبێ لەو تەمەنەو پلەی خوێندنەدا، وشەی ((بەرژەوەند))م زانی بێت،

چونکە ئەم وشەیە، زۆر لەدەمێکەوە لەپێش بوونی مندا لەکۆیە بڵاوە و هەمیشە بەسەر زمانی خەڵکەوە بوو، لەدواییدا هەڵسام ئەم سوێند خواردنەم لەجێگایەک شاردەوە و تا ئێستا نەچومەتەوە سەری تا ئێستاش پەیڕەوی ئەو سوێندە دەکەم))(دلێر، ١٩٨٢، دەستنووس).

هەر لەساڵانی ١٩٤٧ بەدواوە، هەوڵ دەدات کتێبێک دەربارەی شیعر دابنێ و بەتایبەتی باسی تەکنیکی شیعر بکات، باسی بڕگە بکات، چۆن بەپەنجە دەژمێردرێ، لەسەر چ دەستورێک لەیەک جیا دەکرێنەوە، چەند نموونەیەک لەشیعر وەربگرێ، ژمارەی بڕگەکان لەژێرەوە بنووسێ، خوێندنەوە بۆ مۆسیقای شیعر بکات، چونکە هەر شیعرێک مۆسیقای تایبەتی خۆی هەیە، دلێر بەهۆی خەریک بوونی بەگۆرانی و سروودەوە، گوێی مۆسیقای باشتر و قوڵتر ئاشنای مۆسیقا و (نەزم ڕاگر – ئیقاع) بووە، بەڵام کتێبەکە ناگاتە قۆناغی چاپ ((بەشێکیشم لەو کتێبە نووسی بوو، بەڵام لەزستانی ١٩٥٢ لەکۆیە گیرام، هەتا لەبەندیخانە هاتمە دەرەوە، کەزۆری تیادا نەماینەوە، ئەم شتانە لەناو برابوون)) (دلێر، ١٩٨٢، دەستنووس).

دلێر لەدەستنووسەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات چۆن ئاوێتەی جیهانی شیعر بووە، زۆربەی کاتی بێ ئیشی لەگۆڕستانەکانی شاری کۆیە، لە (کانی تەرە) و (مێرگی خالند بەگی) و (چوار تاقان) و لەپشت (قشلە) دانیشتووە، شیعری شاعیرانی لەبەر کردووە، شیعری شاعیرانی وەک (حەریق، وەفایی، کوردی، حاجی قادر، تایەر بەگی جاف)ی بەگۆرانی بۆ خۆی چڕیووە، دەنگی خۆی لەلا خۆش بووە، یەکەم هۆنراوەی لەنیسانی ١٩٥١ دا لەڕۆژنامەی (هەولێر)دا، بڵاوکراوەتەوە، کەلەکۆیە دەنگدانەوەی باشی هەبووە، دوای ئازاد بوونی لەبەندیخانە لەساڵی ١٩٥٢ ژیانی لەکۆیە سەخت دەبێ، لەلایەک بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ باوکی، کە بیرکردنەوەکانیان لێک دوور بوو ((لەکۆیە حەوانەوەم نەمابوو، بەتایبەتی لەگەڵ باوکی بیرو باوەڕ کۆنی، ئارەزوومەندی نواندنی زەبر و زەنگ بە سەرمندا، کەلەشەق و زلە بەولاوە، ڕێنیشاندانێک و تێگەیاندنێکی لەگەڵدا نەبوو، بەیەکەوە دانوومان نەئەکوڵا، هەر لەزووەوە دەیویست من لەهەموو گورج و گۆڵیەکی ئەدەبی و ڕامیاری دووربم، هەمیشە دەستەو نەزەر بەرانبەری بوەستم، بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی))(دلێر، ١٩٨٢، دەستنووس).

ئەوەی باوکی دەیویست، دلێر نەدەچووە ژێر باری، باس لەبرایەکی لەخۆی گەورەتری دەکات، کە هەر لەبەر زەبر و زەنگی باوکی، بەهەرزەکاری لەدەست باوکی هەڵاتبوو، لەبەغدا گیرسابۆوە، جارجار سەردانی کۆیەی دەکردەوە، باسی باشی ژیان و گوزەرانی خۆشی خۆی بۆ دلێر دەکات و بەڵێنی دەداتێ ئەگەر بچێتە بەغدا، یارمەتی دەدات بۆ ئەوەی درێژە بەخوێندن


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بدات، بەناچاری لە پایزی ١٩٥٣ پاش ئەوەی بەکرێکاری هەندێ پارە کۆدەکاتەوە، دەچێتە بەغدا، لەپۆلی چوارەمی ویژەیی لە ( ثانوية الكرخ الاهلية) درێژە بەخوێندن دەدات کە لەنزیک چایخانەی براکەی دەبێ، بەو هیوایەی بتوانێ بەڕۆژ ئیش بکات و ئێواران بخوێنێ، بەڵام براکەی بۆ یارمەتی دانی وەکو پێویست نابێت، بەڵێنەکەی ناباتە سەر و، دلێر ئیشیشی دەست ناکەوێ لەبەر ئەوەی حکومەتی ئەوکاتە (بەڵگەنامەی ڕەوشت باشی – شهادة حسن السلوك) دەدات بەو کەسانەی کە دەیانویست لەسەر کارێک دابمەزرێن، تەنانەت بەکرێکاری کاتی لەفەرمانگەی پۆستەش دانامەزرێنن، کە بە (٢٥٠) فلس زەویان هەڵدەکەند بۆ ڕاکێشانی خەتی تەلەفۆن،لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەو بەڵگەنامەیە نەبوو، چونکە جارێک لەخۆپیشاندان لەکۆیە گیرابوو، بەهەر دەردەسەریەک بێت، درێژە بەژیان دەدات، لەچایخانە یارمەتی براکەی دەدات، کات بەفیڕۆ نادات و لەدوای کار، کات بەخوێندنەوەو نووسین دەباتە سەر، خواردنی هەمیشەیی ئێوارانی (سەموون و عەنبە) دەبێ کە لەسەر زێی (دجلە) بە (١٥) فلس خواردوویەتی، ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٥٤ بە قۆناغێکی گرنگی ژیانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دلێر دادەنرێت، چونکە لەو دوو ساڵەدا، زۆری دەخوێندەوەو، شیعر و وتاری بۆ ڕۆژنامەی (ژین) نووسیوە، کە (گۆران)ی شاعیر بەڕێوەبەری نووسین بووە، بێ دواکەوتن بابەتەکانی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (دلێر – قوتابی بەغدا) بۆ ئەوەی خوێنەر بەدلێر ناوێکی تری نەزانن یان بەناوی (خ.د) هوە، گۆرانی شاعیر بێ ئەوەی ببینێ یان بیناسێ، شیعر و نووسینەکانی لا پەسەندو شیاوی بڵاوکردنەوە بووە، هاندانێکی باش بووە بۆ دلێر کە متمانە بەخۆی پەیدا بکات، زیاتر بخوێنێتەوە، لە کۆڕو دانیشتنی دانیشگاکانی بەغداو ئاهەنگەکان بەشدار بێت، چاوی بکرێتەوەو بڕوای بەخۆی پتەوتر و قوڵتر بێت، جگە لەو وتارو شیعرانەی لەڕۆژنامەی ژین بڵاوی کردۆتەوە، هۆنراوەی تریشی هەبوون وەک هۆنراوەی (دروێنە) کە لەسەر ئاوازی (بەکرەیی) گۆرانی دروێنە دەوترێت، لەبەهاری ١٩٥٤ نووسیویەتی، ئەم چوار دێڕەمان دەست کەوت:

بە وۆحە وۆحی گاجووت – دەست و قاچی بەئێشم

هەتا خەتێ جووت دەکەم – هەزار ئازار ئەچێژم

دوعای زارم بارانە - خوایە زوو پەڵەی بدەی

لەدانیشتنم، هەڵسانم – یا لەکاتی نوێژم

کاتێ دانی، وەک، پشکۆم – بەڕەنجی شان هێنا دەر

دەبێ، نیوەکی ببا – ئاغای دزو خوێنڕێژم

لەماوەی، پارەی سەلەم – لەگەڵ قەرزو قوڵەی تر

بدەم، نامێنێ پارە - بۆ وەستای داسی تیژم (دلێر، ١٩٨٢، دەستنووس).

دلێر هەر لەو ساڵەدا هۆنراوەیەکی تر دەنووسێ، دژی ڕژێمی پاشایەتی، کە چۆن ئازاری خەڵک دەدەن، بەڵام هۆنراوەکە فەوتاوە، تەنیا یەک دێڕمان بەردەست کەوت:

بژی، خۆش بێ، بڕوخێ، دەنگی زیزە

وەکو چێشتی فەقیران بوو، لەدیزە (دلێر، ١٩٨٢، دەستنووس).

چیرۆکێکی درێژیش دەنوسێ کە پاڵەوانەکانی کچ و کوڕێکی لێ قەوماوی، لانە لێشێواوی، کەس و کار مردووی، دەستی کارەساتی شەڕی یەکەمی جیهانی و گرانیی بوون، دلێر دەڵێت ((نەم دەزانی چۆن ئەم دوو مرۆڤە بەیەک بگەیەنم، ئەمە تاکە گرفتم بوو، بۆ تەواوکردنی چیرۆکەکە.. ئەگەر تەواو بکرایە، تا ئەو کاتە، گەورەترین چیرۆکی نووسراوی کوردی دەبوو.. ئەو چیرۆکە هەر ئەو ساڵە کەوتە لای (حەمە سالح ئاوڕەحمان) لەکۆیە)) چیرۆکەکە وون بووە، دواتر بەردەستی نەکەوتۆتەوە.

- دلێر لەکەرکوک دەناسرێت:

لەگەڵ کۆتایی هاتنی خوێندنی ئەو ساڵە و دەست پێکردنی پشووی هاوین، ساڵێکی گرنگ لەژیانی دلێر کۆتایی دێت و دەگەڕێتەوە کۆیە، لەگەڵ دەست پێکردنی ساڵی خوێندنی تازە، لەپایزی ١٩٥٤ ڕوو لە کەرکوک دەکات، مانگێک لەفەرمانگەی (تسویە) دەبێ بەکرێکار، ڕۆژێ بە(٢٥٠) فلس، ژمێریاری فەرمانگەکە، لیستی موچەی فەرمانبەر و کرێکارانی فەرمانگەکەی دەداتە دەست، ڕێنمایی دەکات کە چۆن لیستەکە ڕێک بخات، زۆر بەجوانی و زوو کارەکە جێ بەجێ دەکات و لیستەکە دەداتەوە ژمێریارەکە، زۆر لای سەیر دەبێ و دەست خۆشی لێدەکات، بەڵام ڕۆژی دواتر لەکارەکەی دەری دەکەن، دوای ئەم کارە دەبێ بە (جابی – بلیت بڕ) لەپاسەکانی (ئەحمەد جاسم) کە لەنێوان کەرکوک – پردێی کۆن و عەرەفە هات و چۆی دەکرد، لەبەر ئەوەی نازانێ و دزی ناکات، لەگەڵ موفەتیشەکان ڕێک ناکەوێ، لەوێش دوای مانگێک


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەریدەکەن، ئەمجارە پاش هەوڵێکی زۆر لە ١٩٥٤/١٢/٢١ لەشەریکەی نەوت دادەمەزرێ، بەکرێکار، ڕۆژانە بە (٥٠٠) فلس، کاری نووسینی پێ دەکەن، تاخولی تایبەت دەکرێتەوە و لەخولەکە وەردەگیرێت، ئامانجی خولەکە ئامادەکردنی بەشداربووانە بۆ ئەوەی ببن بە (کاتب)ی بەردەستی ئینگلیزەکان کە بەڕێوبەرو کارهەڵسوڕێنەری شوێنە گرنگ و فەرمان بەدەستەکان بوون، هەر لەخولەکە مامۆستای ئینگلیزی سێ قوتابی هەڵدەبژێرێ کە لەوانەی ئینگلیزی باش بوون و بەهرەی ئەدەبیان هەبووە، یەکێکیان خالید دلێر دەبێ، تا بەبەشداری و هاوکاری ئەو سێ قوتابیە گۆڤارێک بەزمانی ئینگلیزی دەربکەن، کە دوو ژمارەی لێ دەرچووە، لەهەردوو ژمارەکەی شیعری دلێر بڵاو دەکرێتەوە بەناوەکانی (دڵی ڕاوکەر، گۆرانی جوتیار) لەهۆنراوەی دووەم دا، بیر و ناوەڕۆکی شیعری (دروێنە)ی ئاوێتە بووە، ئەمە کۆپلەیەکیەتی:

To day is abright day

Iam mowing my form

Iam using an old way

And so, I get mach havm

واتاکەی بەکوردی:

ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆشە

درەوی کێڵگەکەم دەکەم

لەئیش کردندا، ئوسلوبی کۆن بەکار دێنم

بەم جۆرە ئازارێکی زۆر ئەچێژم          (دلێر، ١٩٨٢، دەستنووس).

مامۆستاکانی بەردەوام داوای شیعری تازەی لێدەکەن، کە بۆی بکەن بەکتێب و بڵاویبکەنەوە، خولەکە تەواو دەکات، دەبێ بە (کاتب) لەهەمان فەرمانگە، بەڕێوبەری فەرمانگەکە، لاوێکی عەرەبی موسڵاوی کە دەرچووی کۆلێژی یاسابووە، لەدامەزراندن و پاراستن و مانەوەی، زۆر یارمەتی دەداو پشتیوانێکی باشی دەبێت ((لەکاتی دامەزراندنم دا، ئەوکاتە پەنجەمۆر دەگیراو توێژینەوەیەکی چاک لەگەڵ ئەو کەسەدا دەکرا و دەنێردرا بۆ (تحقیقات جنائی) وەڵامی هێنەکەی من پاش دوو هەفتە گەڕایەوە کە ڕەزامەندنین لەسەر دامەزراندنم. ئەو پیاوە پاراستمی و


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

نەیهێشت دەرم بکەن، بەو مەرجەی بەڵێنی بدەمێ کە لەهیچ ئیش و کارێکی سیاسی دا بەشدار نەبم، هەتا مردن چاکەی ئەو پیاوەم لەبیر ناچێت..)) دوای دامەزراندن لەشەریکەی نەوت، ترسی ئەوەی دەبێ کە بکرێ بەسەرباز، چونکە پارەی (بدل)ی دەبێ کە پەنجا دینار بووە، نەبەموچەی سەربازی بەڕێوە دەچێ، بەتەنیا هەرخۆی نابێت، دوای مردنی دایکی لە ١٩٥٥/٦/٥، خوشک و برایەکی کە لەو بچوکتر دەبن، دەباتە لای خۆی، چونکە باوکی ئاگای لێیان نابێت و چاودێریان ناکات، بەو موچەیە گوزەران دەکەن، بەڵام ئەگەر ببایە سەرباز ژیانی ئەوانیش تێک دەچوو، دلێر خۆشی لەخوێندنی ئێواران درێژە بەخوێندن دەدات، هەم خۆی پێ لەسەربازی دەپارێزێ، هەم خولیای بۆ خوێندن تەواو کردن دەباتە سەر، لەدوای ئیمزاکردنی (پەیمانی بەغدا) بواری بڵاوکردنەوەی شیعر و بابەتەکانیتری بەرتەسک دەبنەوە، جگە لەوەش ئەو چەند ساڵە لەبەر سەرقاڵی کار و خوێندن و خەمی خوشک و براکەی، تەنیا توانیویەتی نامیلکەیەک لەساڵی ١٩٥٧ بەچاپ بگەیەنێ بەناوی (گزنگی هەتاو) کە چەند شیعر و پەخشان و وتارێکی لەخۆ گرتبوو.

سێ مانگ پێش شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ دوو کورتە چیرۆک (خولەو بلە) و (کەوای نەکرای) بەزنجیرە بڵاو دەکاتەوە، شۆڕشی چواردەی تەمووز، ڕزگاری دەکات لەهەموو ئەو دەردەسەریانەی ڕووبەڕووی دەبونەوە لەسەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا.

لەساڵی ١٩٥٨ – ١٩٥٩ قوتابخانەی ئامادەیی وێژەیی تەواو دەکات، گوزەرانی بەرەو باشی دەڕوا، دوای تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی، ناوی بۆ درێژەدان بەخوێندن لەزانکۆی(پاتریس لۆمۆمبا) لەمۆسکۆ دەردەچێت، بەڵام بەهۆی کاری سیاسی و دەرچوونی فەرمانی گرتن بۆی لە ١٩٦١/٤/٢ و دوای پێنج مانگ لەکاری پارتایەتی بەنهێنی لە ١٩٦١/٩/١٦ دەگیرێ، سروودەکانی (پێشمەرگە) و (ئێمە ڕۆڵەی کوردین) دادەنێ، لەشوباتی ١٩٦٣ دوای ئازاد بوونی لە بەندیخانە یەکسەر پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگە دەکات، دوای لەت بوونی (پ.د.ک) لەگەڵ باڵی (م.س) دەچێتە هەمەدان، لەنەورۆزی ١٩٦٥ سروودی (نەورۆزی دوور وڵات) دادەنێ، لەساڵانی ١٩٦٨ – ١٩٦٩ بەسروودی (پێشمەرگەین بەهەڵمەتین) و (جەژنی کورد) بەشداری ئاهەنگەکانی نەورۆزی کردووە لەبەغدا، لەساڵی ١٩٦٨ ژن دەگوازێتەوە، کوڕ و کچێکی هەیە، کچەکەی (خەڵات بەمنداڵی کاری هونەری ئەنجام داوە، وەکو گۆرانیبێژ دوو گۆرانی باوکی کە شیعر و ئاوازی دلێرن، وتووە (بەهارە، ئەی قومری)، کوڕەکەی (پاڵە) ناکامە، لەساڵی ١٩٦١ دوای گیرانی، لە شەریکەی نەوت دادەبڕێ، تا ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دەگەڕێتەوە شەریکە، بەردەوام دەبێ تا نیسانی ١٩٧٤ دەیگوازنەوە فەرمانگەی خانەنشینی سلێمانی، بەپلەی (رئیس ملاحظین) دەوام دەکات تاساڵی (١٩٨٥) خانەنشین دەبێ و لەدوای ساڵی ١٩٧٠ تا ساڵی ١٩٩١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دووردەکەویتەوە لەکاری پارتایەتی نەک کوردایەتی، بەڵکو ئەو ماوەیە لەڕێی ئەدەبەوە، هەڵوێستە نیشتیمانی و چینایەتییەکانی خۆی ڕادەگەیەنێ و بەردەوام دەبێت لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وەک خالید دلێری کەسایەتی شۆڕشگێڕی چەپڕەو بەشداری کاری سیاسی دەکات و ساڵی ١٩٩٨ بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕوو لەدەرەوەی وڵات دەکات، دوای چەند ساڵێک بەنائومێدی و نەخۆشی زیاترەوە دەگەڕێتەوە کوردستان و لە ٢٠١١/١٢/١٦ لەتەمەنی ٧٨ ساڵیدا، کۆچی دوایی دەکات و لە ١٢/١٧ لەشاری کۆیە لەمەراسیمێکی پڕشکۆدا بەخاک دەسپێردرێ.

٢- خەبات و تێکۆشانی سیاسی:

دلێر لەتەمەنی مێرد منداڵی تێکەڵ بەسیاسەت دەبێ، یەکەم هەنگاو لەپۆلی شەشەمی سەرەتایی لەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی پیشەیی بەناوی (کۆمەڵی پێشکەوتنی خوێندەواری – K.P.X ) بەشدار دەبێ، ((ئەم کۆمەڵەیە لەبیرو بۆچوونیدا، سەربەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بوو، کە ئەوساکە لەپارتی دیموکراتی کورد دا خۆی دەنواندو سیاسەتێکی مارکسی نەتەوەیی ڕەفتار پێدەکرد و دژی ئیمپریالیزم و شۆفێنیزمی نەتەوەیی عەرەب و کۆنەپەرستایەتی کوردستان بوو، ئەم کۆمەڵەیە لەدوایی دا تێکەڵ بۆوە بەیەکێتی قوتابیانی کوردستان، دوای دامەزراندنی))(دلێر، ٢٠٠٣، ٧٨).

(( لەساڵی ١٩٤٦ ئاوێتەی سیاسەت بووم))(دلێر، ٢٠٠٢، ٤).

واتە تەمەنی ١٣ ساڵی چۆتە ناو سیاسەت، یەکەم حیزب کەکاری سیاسی تێدا کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لەساڵ ١٩٤٨ بەگۆرانی بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی پارتیەکانی کردووە لەشاری کۆیە، ساڵی ١٩٥٢ لەشاری کۆیە لەسەر بەشداری کردن لەخۆپیشاندان گیراوە و دواتر ئازاد کراوە، ساڵی ١٩٥٣ دوای ئەوەی دەچێتە بەغدا و ساڵێک لەوێ دەخوێنێ، لەهاوینی ئەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە کۆیە و ئەمجارە بەیەکجاری ڕوو لەکەرکوک دەکات و لەو شارەدا، لەپاڵ کارو خوێندن، لەکاری ڕێکخراوەیی بەردەوام دەبێت، لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال و نەمر عومەر دەبابە بەنهێنی لەکەرکوک ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێوە دەبەن، سەبارەت بەکارکردنیان لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال دلێر دەڵێت ((پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستان، ئەو کاتە نووسەری ئەم وتارە ئەندام بوو تێیدا، کاک جەلال تاڵەبانی دەستنیشان کردبوو، کەنوێنەری لاوان و قوتابیانی کوردستان بوو لەگەڵ وەفدی عیراق دا بچێتە ئەو کۆنگرەیەوە، ناوبراو لەکەرکوک لەشۆڕیجە، لەهەلو مەرجێکی گەرم و ناخۆشدا

دەژیا، چاوەڕوانی ئەوەبوو کەپێویستیەکانی گەشتەکەی بۆ ئامادەبکرێ، لەسەر داوای برادەران، بەتایبەتی کاک عومەر دەبابە، کە ئەو کاتە ئەم لێپرسراوی لقی کەرکوک بوو، مام جەلال هاتە لای من، جێو ڕێیەکەی من لەوە باشتر بوو کە لەگەڕەکی شۆڕیجە تێیدا دەژیا..)) (دلێر، ٢٠٠٣، ٨٠).

دیارە ئەو مێژووەی دلێر باسی دەکات هاوینی ساڵی (١٩٥٧)ە، کە لەو کاتە پشووی خوێندن بووە، خوشک و براکەی چونەتەوە شاری کۆیە، دلێر هەرخۆی بەتەنیا لەماڵ بووە، دلێر لەشاری کۆیە لەدایک بووە، بەڵام لەقەڵادزەو پشدەر بەهۆی ماڵی خاڵوانی ژیاوە و سوودی لە ژینگەی قەڵادزەش وەرگرتووە ((من لەکۆیە لەدایک بوومە، لەقەڵادزەو پشدەرایەتی فێری زمانی کوردی بووم، لەکەرکوکیشدا خۆم گرتەوە))(دلێر، ٢٠٠٢، ٤).

دلێر بەردەوام دەبێت لەکاری سیاسیدا، تاشۆڕشی ١٤ی تەمووز، کە ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا، عەبدولکەریم قاسم بوو بەسەرۆک کۆمار، گۆڕانکاری بەسەر ژیانی خەڵکی عیراق داهات، کاری پارتایەتی لەدوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەئاشکرا ئەنجام دەدرا، ((شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ڕوویدا، ئەوکاتە من ئەندامی پارتی بووم، پارتی جەماوەرێکی زۆری لێ کۆببۆوە، ڕێکخەرمان کەم بوو، ئیشێکی زۆرم لەئەستۆ گرتبوو، لەپارتی دەورێکی گرنگم هەبوو))(دلێر، ٢٠٠٢، ٤).

دلێر لەکەرکوک لەهەرسێ ڕووی (سیاسی، هونەری، ئەدەبی) گەشە دەکات، لەساڵی ١٩٥٩ دەبێتە کارگێڕی لقی کەرکوک و بەردەوام دەبێت لە کاری پارتایەتی ((بومە کادرێکی ڕێبازی کوردایەتی، لەناو کرێکاراندا ڕێزم هەبوو، قسەم دەڕۆیی، ڕێکخستنی کرێکاران ئەمن دامەزراند، ڕێکخستنی کرێکاران خرایە ئەستۆی من، لەبەر ئەوەی من بناغەیەکی مارکسی لەمێشکمدا بوو)) (دلێر، ٢٠٠٢، ٤).

دلێر لەکاتی وەرگرتنی ئیجازەی پارتی، سروودێک بەم بۆنەیە دادەنێ و لەو ڕۆژەدا بڵاودەبێتەوە، لەبەشی سروود باسمان کردووە، دوای هەڵگیرساندنی شەڕ لەنێوان حکومەت و لەشکری بێ سەروبەری عەشایری لەسەرەتایی ئەیلولی ١٩٦١دا، کە داواکانی عەشایر، بریتی بوو لەجێ بەجێ نەکردنی هەندێ یاسا، وەکو یاسای چاکسازی کشتوکاڵی، شەش ڕۆژ دوای شەڕی دەربەندینخان دلێر لەگەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک دەگیرێ، لەگرتووخانەی (تسن) لەژووری تەنیا بەند دەکرێت، دواتر دەگوازرێتەوە بەندینخانەی نوگرە سەلمان ((لەناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٦٢ لەگرتووخانەی تسن گوازرامەوە بۆ گرتووخانەی گشتی

کەرکوک و لەئایاری ئەو ساڵەشدا لەگەڵ (١٢) برادەری دی گوازرایەنەوە بۆ بەندینخانەی (نگرە سەلمان) لەبیابانی خوارووی عیراقدا))(دلێر، ١٩٩٧، ٥).

دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣، کە عەبدولسەلام عارف و بەعس بەسەر عەبدولکەریم قاسم دا کردیان و ئەویان کوشت و قڕیان خستە ناو کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق و دۆستەکانی عەبدولکەریم قاسم.

دوای دەست پێکردنی گفت و گۆ لەنێوان کودەتاچیەکان و کورد، هەموو ئەوانەی لەسەر مەسەلەی کورد گیرابوون لە ١٩٦٣/٢/٢٠ ئازاد کران، کە (دلێر)یش یەکێک بووە لەئازاد کراوەکان، دوای چەند ڕۆژێک لەئازاد بوونی پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات و وەک کادیرێک ڕۆڵی خۆی دەبینێ، دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی نێوان مەلا مستەفای بارزانی و عەبدولسەلام عارف لە ١٠ی شوباتی ١٩٦٤، بەبێ ئاگاداری و پرس کردن بەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە مەلا مستەفا سەرۆکی پارتەکە بوو، ئەم ڕێکەوتنە دەبێتە سەرەتای لێک ترازانی ئەم پارتە بۆ دوو بەش، باڵی مەلا مستەفا و باڵی مەکتەبی سیاسی، دلێر وەک کادیرێکی باڵای پارتی لەگەڵ باڵی (م.س) درێژە بەخەبات دەدات، دوای قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکان و ڕۆیشتنی باڵی (م.س) و زیاتر لە (٥٠٠) پێشمەرگە بۆ ئێران و لەشاری (هەمەدان) جێگیربوون، بۆ دوورکەوتنەوە لەشەڕی براکوژی و کورد کوژی، (دلێر)یش دەچێتە هەمەدان، دوای ساڵێک مانەوە، دوای ئاشتبوونەوە، باڵی (م.س) گەڕانەوە کوردستان، بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەبات، بەڵام دوای چەند مانگێک کێشەکان سەرهەڵدەدەنەوە، ئەم بابەتە توێژینەوەی مێژوویی تایبەتی دەوێ، کە لەم توێژینەوەی ئێمەدا جێی نابێتەوە، چونکە توێژینەوەکەمان بریتییە لەبنیاتی هونەری و بیری ڕەخنەیی لەکارە ئەدەبی و هونەرییەکانی دلێر، لێرەدا ناتوانین ئەم ڕووداوە تاڵ و ناخۆشانەی مێژووی گەلەکەمان شەن و کەو بکەین و ڕاستیەکان بخەینە ڕوو.

دلێر لەگەڵ هەڤاڵەکانی ناچار دەکرێ بگەڕێتەوە شار ((پاش ئەوەی بڕیاری گرتن و کوشتنم دەرچوو لە ١٩٦٦/٣/١٧، گەڕامەوە ناو شار و دواجار لەپایزی ئەو ساڵەدا لەبەغدا خۆمان گرتەوە))(دلێر، ٢٠١٢، ٢٩).

تا بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی کاردەکات، لەڕۆژنامەی (النور – ڕوناکی) وەک نووسەر و دەستەی نووسەران کاردەکات، دوای بەیانی ١١ی ئازار پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

(م.س) هەڵوەشایەوە، مەکتەبی سیاسی و بەشێکی زۆر لەکادیرەکان چوونە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان باڵی مەلا مستەفا، ئەم هەڵوێستەی هاوڕێکانی نیگەرانی دەکەن و، دلێر یەکێک دەبێ لەوانەی لەگەڵ ئەم بڕیارە دانابن، دلێر دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی لەشەریکەی نەوت و لەحزبایەتی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام هەرگیز قەناعەت و بیرو باوەڕی بە سۆشیالیستی زانستی ناگۆڕێت، وەک کوردێکی دڵسۆز لەگەڵ خەمی گەلەکەیدا دەژی و هەمیشە لەبەرەی گەلدا دەبێ تا ڕاپەڕینی ١٩٩١، بەوتاری ڕەخنەی ئەدەبی و شیعر و گۆرانی پەیامەکانی خۆی دەگەیەنێ، دوای ڕاپەڕین وەک کەسایەتیەک لەگەڵ چەند حزب و ڕێکخراوێکی چەپی کوردستان کە لەبەرەیەکدا کاردەکەن، دلێر وەک تاک ئەندامی ئەو بەرەیە دەبێت، دلێر وەک قوتابخانەیەک، براکەی (جەعفەر عبدالواحد) کە پەروەردەی دەستی دلێر دەبێ، دەبێتە سەرکردەیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان،لەساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ شەهیدان (خاڵە شیهاب، ئەنوەر زۆراب) لەسێدارە دەدرێن.

ئەگەر پێناسەی دلێر بکەین لەبواری سیاسیدا، دەتوانین بڵێین تێکۆشەرێکی خاوەن بیرو باوەرو کە هەرگیز سازشی لە سەر بیرو باوەڕەکەی نەکردو بەڵکو سوور بوو لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی کە خۆی لە سۆسیالیستی زانستی و یەکسانی کۆمەلایەتی و ڕزگاری نەتەوایەتی دەبینیەوە. تا لە ٢٠١١/١٢/١٦ دوا ماڵئاوایی دەکات بەسەر بەرزی و شکۆمەندی.

٣- کارو خەباتی ئەدەبی و هونەری:

دلێری شاعیر و هونەرمەند و سیاسی لەو سێ بوارەدا، جێ دەستی دیارە، لەتەوەری دووەم باسمان لەخەبات و تێکۆشانی سیاسی دلێر کردووە ((خالید دلێر سێ کەسایەتی بوو لەکەسێکداکۆ بوو بووەوە، لەو کاتەی کە شاعیرێکی بەهرەدار بوو، لەهەمان کاتیش چیرۆک نووس و هونەرمەندیش بوو))(شارەزا، ٢٠١٣، ١٦٧).

دلێر لەخانەوادەیەکی دەنگ خۆش و هونەردۆست پەروەردەبووە، بۆیە جگە لەبەهرە خواییەکەی خۆی، ژینگەی ژیانیشی هۆکارێکی کاریگەربووە بۆ ئاوێتە بوونی بەدنیای هونەر و ئەدەب، باوکی، مامی، ئامۆزاکەی، لەدانیشتن و شەوانی درێژی زستان، گۆرانیان وتووە، یەکەم هەنگاوی دلێر لەبواری هونەری گۆرانی و سروود، لەقۆناغی سەرەتایی لەقەڵادزی دەست پێ دەکات، ((چەند مانگێکی سەرەتایی خوێندنی ساڵی (١٩٤٣ – ١٩٤٤)م لەقەڵادزێ خوێند، ماڵی خاڵوان و پورە رەحمەم لەقەڵادزێ بوون، باشترین قوتابی بووم لەتیپی سروودی قوتابخانەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

قەڵادزێ، گەڕامەوە کۆیەش هەر هەمان جێگەم لەتیپی سروودی ئاهەنگەکان پێدرا)) (بەرزنجی، ٢٠١٢، ٧).

لەتەوەری یەکەمی ئەم بەشەدا، زیاتر باسمان لەچۆنیەتی شیعر نووسین و چۆنیەتی خۆپەروەردەکردنی لەم بوارەدا کردووە، بۆیە لەم تەوەرە زیاتر باس لەقۆناغەکانی هونەری گۆرانی لای دلێر دەکەین، یەکەم ئاهەنگ کەدلێر لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا، گۆرانی تێدا وتووە، ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ بووە ((لەکۆیە دوو حزبی گەورەو جەماوەری هەبوون، (پارتی و شیوعی)، ساڵی ١٩٤٨ لەکۆیە، ئەو دوو پارتە پێک نەهاتن نەورۆز بەیەکەوە بکەن، هەر حزبە نەورۆزی تایبەتی خۆی کرد بەڵام بەدوو ڕۆژی لەیەک جودا، من یەکەمجار لەسەر شانۆ لەنەورۆزی پارتیەکاندا سروودم ووت...))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ٩).

باری ئەستۆی دوژمنە واهێسی کردووە گەردنم

نامەوێ ئەم ژینە تاڵە، یاوەتەن، یامردنم

***

دوژمنی بەد خو، ئەگەر تۆ بمدەیە زێڕی وڵات

دارو بوردو خاک و خۆڵم، بۆ بکەیتە حاسیلات

***

بمکەیە سەرداری دونیا تاجی شاهیم کەی خەڵات

شەرتە تێیهەڵدەم لەتاجت، بیگەیەنمە ڕۆژهەڵات

***

چۆن دەبێ مەحکومی تۆبم، کەچ بکەم بۆت گەردەنم

نامەوێ ئەم ژینە تاڵە، یاوەتەن یامردنم    (دلێر، ٢٠٠٠، ٤) [1].

---

[1]- ئەمە کۆپڵەیەکە لەشیعرێکی شاعیری ڕۆژهەڵات (نحمهدی نوری – عەتری گلولانی) بەناونیشانی (یاوەتەن یامردن). بۆیەکەمجار لەگۆڤاری (کوردستان)، ژمارە ٣، فارس ١٩٤٦، ل٣١-٣٢ دا بڵاوبۆتەوە.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

دلێر بەدەنگی تایەر تۆفیق کاریگەر بووە، ((دەچوومە (چوارتاقان) هەتا درەنگی شەو، ئەگەر زۆر سەرما نەبوایە، هەتا بەرەبەیانی گۆرانیم دەوت و لاسایی کاک (تایەر تۆفیق)م دەکردەوە)) (دلێر، ٢٠٠٢، ٢٦).

دەنگی (مەلا حەمەد کۆرە)شی بەدڵ بووە، بۆ خۆپێگەیاندنی لەگەڵ هاوڕێکانی دەچێتە دەرەوەی شار و لەوێ گۆرانی دەچڕێ، هەرچەند داوای لێدەکەن بۆ شەوانی ڕەمەزان لەگازینۆکان گۆرانی بڵێ، بەڵام ڕەتی دەکاتەوە، یان لەمەولودنامەو ئاهەنگی بوک گواستنەوە بەشداری بکات ((کە لەم بۆنانەدا بەشداریم نەدەکرد، وەنەبێ وازم لەگۆرانی ووتن هێنابێ، ئەوەی گۆرانیبێژی ڕەسەن بێ، گۆرانی لەلای وەکو نان و ئاوی لێ دێ و ناتوانێ وازی لێبێنێ، لەگەڵ برادەران دەچوینە دەرەوەی شار، گۆرانیم دەوت، زۆربەی کۆبوونەوە حیزبیەکانمان لەدەرەوە دەکرد، دوای کۆبونەوەکان گۆرانیم دەوت)) (دلێر، ٢٠٠٢، ٢٥).

دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٥٤ بەهەمیشەیی لەشاری کەرکوک جێگیر دەبێ، هەرلەو ساڵەدا یەکەم گۆرانی لەهۆنراوەو ئاوازی خۆی دادەنێ:

چاوەکەم بۆچی بەجارێ منت ڕیسواکرد

بەلەنجەو نازی جوانت ئەقلت شەیداکرد (دلێر، ٢٠٠٢، ٢٦).

لەساڵی ١٩٥٦ یەکەم سروود لەهۆنراوەو ئاوازی خۆی بەناوی (کوڕانی کوردستان) دادەنێ:

کە ئێمە کوڕی شاخ و کێوو کەژین

وڵات فێری کردووین بەمەردی بژین (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٦).

دلێر لەسەردەمێکدا، هەوڵیداوە گۆرانی هونەری پێشکەش بکات لەهۆنراوەو ئاوازی خۆی و مۆرکی کوردەواری پێوەبێت، لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیست باو باوی گۆرانی عەرەبی و گۆرانیبێژان (عەبدولوەهاب، کەلثوم، فەرید ئەترەش، ئەسمەهان، فەیروز، سەباح...)بوو، گۆرانی هونەری کوردی یەکجار کەم و دەگمەن بوو، جگە لەگۆرانییە فۆلکلۆریەکان، بۆیە کارکردن لەم بوارەدا، بۆ ئەوکات سەخت و دژوار بوو، چەند هونەرمەندێکی کورد کە بەپەنجەی دەست دەژمێردران، وەک (عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، شەماڵ صائیب...) لەڕادیۆی بەغدا، کاتێکی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەمیان پێ دەدرا بۆ چڕینی گۆرانیەکانیان، دلێر بۆ تۆمارکردنی گۆرانیەکانی مۆڵەت وەردەگرێ و دەچێتە بەغدا سەردانی ئێزگە بەشی کوردی دەکات، دوای ئەوەی لەلێژنەی ئێزگە، دەنگی پەسند دەکرێت، لەو چوار گۆرانیەی ئامادەی کردبوو (بۆ جوانی سەرەڕێ، سەما، تۆران، چاوەکەم بۆچی) تەنیا دوانی بۆ تۆمار دەکەن (تۆران، چاوەکەم بۆچی).

ئەگەرچی تیپی میوزیکی ئێزگە زۆر گرنگیان بەگۆرانیەکان نەدەدا، پرۆڤەکردن نەگەیشتۆتە پازدە خولەک، یەکسەر تۆمار کراوە، ((هیچ پرۆڤەیەکی گۆرانی تازە، ماوەکەی نەدەگەیشتە چارەگە کاتژمێرێک، چۆن دەستی پێدەکەین، چۆن کۆتایی پێ دێنین، جارێک یان دوو جار لێدراو هاواریان کرد (یا الله علی التسجیل) مۆسیقییەکان هەرهەموویان لە (ملهی)کانی بەغدا ئیشیان دەکرد، بۆیە بۆ زوو ڕۆیشتن پەلەیان بوو))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ٢٠).

دلێر چەند ڕۆژێک پێش نەورۆز چۆتە ئێزگە و شەوی نەورۆز گۆرانیەکانی تۆمار کردووە، دلێر تۆمارکەرەکە ڕازی دەکات بەیانی گۆرانیەکانی بڵاو بکاتەوە، کابرا کەعەرەبە نازانێ بەیانی نەورۆزە، ئەم کارەی دلێر سەردەگرێ،ساڵی داهاتوو بەهەمان مەبەست، واتا ساڵی ١٩٥٨، پێش نەورۆز، دەچێتە ئێزگە سێ گۆرانی (ئەی قومری، سکالا، موژدەبێ ساڵ گەڕایەوە) تۆمار دەکات، دوو گۆرانی هۆنراوەو ئاوازی خۆیەتی، گۆرانی سێیەم هۆنراوەی پیرەمێرد و ئاوازی دلێرە، بەڵام ئەمجارە ئامانجەکەی ناپێکێ، دوای سێ ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەیان ((حکومەت زانی، ئیتر گۆرانیەکانیان قەدەغە کردم، ڕۆژی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەجیاتی سروودی نیشتمانی لێیان دەدان!!))(بەرزنجی، ٢٠٠٢، ٢٧).

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز چەندان سروود تۆماردەکات وەک (ئەژین ئەژین، بەخێربێنەوە، عبدالکریم تۆ پێشەوای، کوڕانی کوردستان، ئێمە سەربازی ئازادین) هەموو ئەو سروودانە هۆنراوەو ئاوازی خۆیەتی، لەبەشی تایبەت بەسروود، بەدرێژی باسمان کردوون، ساڵی ١٩٥٩، سروودێکی تر بەناوی (ئاشتی) دادەنێ کە لەئاهەنگی ١٤ی تەمووز پێشکەشی بکات، بەڵام بەهۆی ڕووداوێک ئاهەنگەکە ناکرێ و ساڵی دواتر لە ئاهەنگی نەورۆز لە (گۆڕەپانی کۆمپانیای نەوت) لەکەرکوک پێشکەشی دەکات، دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیجازەی کارکردن بەفەرمی وەردەگرێ، دلێر سروودێک ئامادە دەکات بەناوی (ئیجازەی پارتی) کە ڕۆژی ڕاگەیاندنی مۆڵەتەکە، لەبارەگاکانی پارتی لەجیاتی هەموو شتێک ئەم سرووده لێدەدەن و دەنگدانەوەی باشی دەبێت،دوای ئەوەی لە ١٩٦١/٩/١٦ دەگیرێ لەبەندیخانە دوو سروود دادەنێ، (پێشمەرگەی کوردستان، ئێمە ڕۆڵەی کوردین) هەردوو

سروود هۆنراوە و ئاوازی خۆیەتی، کاتێک عبدالکریم لێبوردنێک بۆ ئەو بەندینخانەیە دەردەکات، کە ناوی خۆیان نووسیوە بۆ ڕزگارکردنی (کوێت) کە لەتێڕوانینی ئەوان داگیرکراو بووە، دلێر بەگۆرانیەکی سیاسی وەڵامی ئەو لێبوردنەی عبدالکریم قاسم دەداتەوە:

دەبێ گوناهی من چ بێت

هەتا کەریم لێم خۆش بێت؟!

کەریمە شێت، لەمنی ئەوێت

خۆمی بۆ بەکوشدەم لەکوێت (بەرزنجی، ٢٠١٢، ٢٧).

دوای ئەوەی لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەچنە شاری (هەمەدان) بۆ نەورۆزی ١٩٦٥ سرودێک بەناوی (نەورۆزی دوور وڵات) لەهۆنراوەو ئاوازی خۆی ئامادە دەکات و لەئاهەنگەکە پێشکەشی دەکات، بۆ نەورزۆی ١٩٦٨ سروودێکی تر دادەنێ کە لای دلێر هونەریترین سروودی ئەوە ((جامنیش وەکو خووم پێوە گرتووە، سروودێکی تازەم بە ناوی (جەژنی کورد)ەوە ئامادەکردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تیپێکی چاکم بەدەست نەکەوت و پرۆڤەم لەسەر نەکرد، سروودی (نەورۆزی دوور وڵات و پێشمەرگەین بەهەڵمەتین)م پێشکەش کرد، سروودی (جەژنی کورد) لەشیعرەکەیی و ئاوازەکەیدا، پڕ لە نەخش و نیگار و ووردەکاریە، لەوانەیە بڵێم خۆشترین سروودەکانی منن)) (بەرزنجی، ٢٠١٢، ٣١).

ساڵی دواتر بەبۆنەی نەورۆز لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی واتە (نیسانی ١٩٦٩) سروودێک ئامادەدەکات بەناوی (ئۆتۆنۆمی) کە لە (سەلمان پاک) ئاهەنگەکە دەکرێ و پێشکەشی دەکات، دوای بەیانی ١١ی ئازاری لەسروود دانان دوور دەکەوێتەوە، هەوڵدەدات گۆرانیەک دابنێ، وێردی سەرزاری خەڵک بێت، وەک (هەینار)ی تایەر تۆفیق و (هەرەلەیلێی) شەماڵ صائیب، دوای دابڕانی لەدانانی سروود، شەونخوونی دەکێشێ بۆ ئەوەی ئەم ئاواتەی بهێنێتە دی، ساڵی ١٩٧٢ گۆرانی (وەی وەی) لەهونراوە و ئاوازی خۆی دادەنێ و هونەرمەند (عەباس محەمەد) لەگەڵ گۆرانی (جوانی سەرەڕێ) کە شیعری گۆران و ئاوازی دلێرە لەساڵی ١٩٧٦، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمار دەکات، دەنگ دانەوەیەکی باشی دەبێت لەگەڵ نۆ گۆرانییەکەی هەمان تیپ، کە پێکەوە تۆمار و بڵاویان کردەوە، لەدوای ساڵی ١٩٧٦ چەندان گۆرانی تر لەهۆنراوە و


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئاوازی خۆی بۆ هونەرمەندان (عەباس محەمەد، شەماڵ حەمە تۆفیق، سەلاح مەجید) دادەنێ وەکو (ڕۆیی ڕۆیی، سزا، ناسک، پەری، قژ...)

خەلاتی کچی گۆرانی (بەهارە) لەهۆنراوەو ئاوازی دلێر لەساڵی ١٩٨٤ تۆمار دەکات، گۆرانی (ئەی قومری) کە پێشتر دلێر ساڵی ١٩٥٨ بەدەنگی خۆی تۆماری کردووە، بەلام ساڵی ١٩٦٨ بەدەنگی خەلات و زیادکردنی کۆپلەیەک بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆماری دەکەنەوە، کۆمەڵێ هونەرمەند و گۆرانیبێژ، گۆرانی و سروود و ئاوازی (دلێر)یان وتووە (محەمەد شێخۆ، حەسەن زیرەک، گۆرانی (تۆران)یان بەهۆنراوەی تر وتووەتەوە، عەدنان جەمال، جەلال عەزیز، ناسری ڕەزازی، عەباس محەمەد، خەلات خالید دلێر، سەلاح مەجید، ئازاد خانەقینی).

سەرجەمی بەرهەمەکانی دلێر بریتییە لە (١٣) سروود و (١٦) گۆرانی، هۆنراوە و ئاوازی سەرجەم سروودەکانی هی خۆیەتی، لەگۆرانیەکان تەنیا سێ هۆنراوە هی شاعیران (حاجی قادر، پیرەمێرد، گۆران)ن، ئەویتر هۆنراوە و ئاواز لەدانانی خۆیەتی.

- کارو بەرهەمی ئەدەبی:

لەتەوەری یەکەم بەدرێژی باسمان لەچۆنیەتی ئاوێتەبوونی دلێر کردووە جیهانی ئەدەب، بەرهەمەکانی گەواهی ئەوەمان بۆ دەدەن کە سەختی و ناخۆشیەکانی ژیان نابنە ڕێگر و هۆکار بۆ دابڕانی لەم جیهانە جوانە و ئەفسوناویە، بەکۆشش و خەباتی بێوچان و زاڵبوون بەسەر گرفت و ژیانی دژوار و هەژاری و نەداری بەشێک لە خەون و هیواکانی بەدیدێنێ کە چەندان بەرهەمی ئەدەبی ناوازە وەکو:

١- گزنگی هەتاو: لەساڵی ١٩٥٧ چاپیکردووە، کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی لەخۆ دەگرێت( سەرەتا، گیانی خۆپەرستی و چەورکردن، مۆسیقاکەمان، هەوەڵ دڵداری، مرۆڤی تەواو، منالێ ڕوناکی نەدی، هیوا، دڵی پاک و دڵی پیس) کە بریتیە لەپەخشان و وتار و شیعر.

٢- کەوای نەکرای: لەساڵی ١٩٥٨ چاپکراوە، چیرۆکێکی کۆمەلایەتییە، کە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و لەشاری کۆیە ڕویداوە، دلێر بەخۆی ڕووداوەکەی دیتوە، لەچوارچێوەی چیرۆکێکی کورت پێشکەشی کردووە.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

٣- خولەوبلە: چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی کۆمیدیە، باس لەدیاردەیەک دەکات کە ئامانجی نووسەر ڕیسواکردنی هەندێ دیاردەی قێزەوەنی ناو کۆمەڵگایە، لەم چیرۆکەدا دوو برای جمکن، یەکیان باشە و ئەویتریان خرپە، باشەکە (خولە) بەهۆی برا جمکە خراپەکەی توشی کێشە دەبێ.

٤- ئاگر و گوڵ: دیوانی شیعر لەساڵی ١٩٦٨ چاپکراوە، بریتییە لەکۆمەڵە شیعرێک، لەبەشی دووەمدا باسمان کردووە.

٥- بەرەو لوتکەی ئاوات: دیوانی شیعر ساڵی ١٩٧٩ چاپکراوە، بریتییە لەکۆمەڵە شیعرێک، لەبەشی دووەم بەوردی لەشیعرەکان دواوین.

٦- ستەمکردن لەحاجی قادری کۆیی: لەساڵی ١٩٩٨ چاپکراوە، کتێبێکی سەربەخۆیە، وەڵامدانەوەی کتێبی (حاجی قادری کۆیی) مەسعود محەمەدە.

٧- دەریاش هەڵچوونی هەیە: چیرۆک و شانۆگەری، لەساڵی ١٩٨٦ چاپکراوە، بریتییە لەسێ چیرۆک و شانۆگەریەک، چیرۆکی (خولەوبلە، کەوای نەکرای) دووبارە چاپکراونەتەوە، چیرۆکی (دەریاش هەڵچوونی هەیە) لەگەڵ وەرگێڕانی شانۆگەری (هیرۆشیما) لەزمانی عەرەبیەوە کە لە نوسینی (فرج ماکسیم)ە.

٨- هەندێ وتارو چاوپێکەوتنی ویژەیی، لەساووی ١٩٨٥ چاپکراوە، بابەتەکانی بریتیین لە (سەرەتا، پێشنیارێک، ئەی خامە، پسەپسێک (همسە) بۆ ناوگۆڕینی ژن، هیوا، ملاحظات حول القصة الكردية، فۆلکلۆرەکەمان تۆماری تۆمار نەکراو، سکاڵا، لەگەڵ باسەکەی خاتوو دکتۆر کوردستان مورکیانی دا، چاوپێکەوتنی گۆڤاری (بەیان) ژمارە ٨٢، بائافرەتێکی پیرۆزی وون بووی کورد بەبیر خۆمان بهێنینەوە) دیارە زۆربەی ئەو بابەتانەی لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە پێشتر لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاوکراونەتەوە.

٩- هێمن بیر و هەڵوێست: لەساڵی ١٩٩٣ چاپکراوە، ئەم نامیلکەیە ڕەخنەیە لەشیعری درێژی هێمن، ئەویش ساقینامەی (ناڵەی جودایی)یە، لەبەشی چوارەم قسەمان لەسەر کردووە.

١٠- هێمن و هەژار دۆست و دژوار: لەساڵی ٢٠٠٣ چاپکراوە، ئەم کتێبەش لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەگرانەیە، لەدوو شیعری هێمن و هەژار و بەراوردی هەردوو شاعیر، لەبەشی چوارەم باسمان کردووە.

١١- هونەری گۆرانی کۆیە و تایەرتۆفیق: لەساڵی ٢٠٠٣ چاپکراوە، ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بریتییە لە باسی هونەرمەند تایەر تۆفیق و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی و ئاماژەدان بە کەم و کورِیەکانی، لەبەشی چوارەمدا باسمان کردووە،

١٢- بیرەوەرییە هونەریەکانی مامۆستا خالید دلێر: سەرەتا لەساڵی ٢٠٠٢ لەژمارەکانی (٦٥، ٦٦)ی گۆڤاری حاک بەشێوەی یاداشت بڵاوکراوەتەوە، کەهونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی ڕێکخەرو هۆکاری نوسینی ئەم بیرەوەریە هونەریانە بووە، دواتر لەدوو توێی نامیلکەیەک چاپکراو لەساڵی ٢٠١٢ لەچلەکەی دابەش کرا لەشاری کۆیە.

٤- دلێر و گۆرانی هونەری

٤- / ١/ چەمک و پێناسەی گۆرانی:

دەربڕینی هەست و سۆزە بەرامبەر ئەو شتەی پێی کاریگەرە بەئاوازێک ئاسوودەیی دەبەخشێتە دەروونی گوێگر ((هەموو نەتەوەیەک گۆرانی خۆی هەیە و گەل لەڕاستیدا خۆی خولقێنەری، بلیمەتی، بەشی زۆری گۆرانییە، گۆرانی ئاوێنەی گیانی میللەت و گەنج و بیر و ئامانجیەتی، هەمیشە بەقوولی هەست و عاتیفە و لیریک، خۆی لەبەشی تری بەرهەمی ئەدەبی جیادەکاتەوە و تەنیا هەستی تایبەتی دانەرەکەی نییە،بەڵکو هەستی فراوانترین کۆمەڵی خەڵک دەرئەبڕێ))(رەسوڵ، ١٩٧٠، ٦٩).
گۆرانی جۆری زۆرە (گۆرانی کارکردن، گۆرانی ئایینی، گۆرانی بۆنەکان وەک بوک گواستنەوە، دڵداری...) زۆربەی گۆرانییەکان هەست و ناخی گۆرانیبێژ دەردەبڕێ لەئاست ئەو ڕووداوەو کەس و بابەتەی گۆرانی بۆ دەڵێت ((ئەو شیعرەیە، کە لەناخ و دڵ و دەروونی شاعیر هەڵدەقوولێ لەباسی ئازایەتی و ترس، شەڕو خێر، خۆشی و ناخۆشی، دەخولێتەوە، شایانی باسە ئەم جۆرە شیعرە یەکەمین شیعرە کە مرۆڤ لەگەڵیدا ژیابێ و ئاشنای بووبێ، لەکاتێکدا تووشی هەر هەڵچونێک و گەرمی و ساردیەک بووبێ، کاری لەناوەوەی دەروونی کردووە و زمانیشی بە وشەو گوزارە گوزارشتی لێکردووە))(الطاهر، ١٩٥٢، ١٥٠).
گۆرانیی لە سەرەتا تەنیا قورگی مرۆڤ هۆکاری دەربرینی ئاوازە جیاوازەکان بووە ، هیچ ئامێرێکی مۆسیقا نەبووە ، بەڵام بەتێپەڕ بوونی ڕۆژگار ئامێرەکانی مۆسیقا چریکەی گۆرانیان بەسۆزترکردووە ، ((ژێیەکانی قورگی ئادەمیزاد یەکەم (ئامێر)بوون ، کە بەهۆیانەوە هەستی دەربڕیووە چ لەکاتی ترسان و هاوارکردن و راکردندا چ لەکاتی شادی و خۆشیدا ، ئەگەر ئاژەڵێکی راوکردبێ و سکی تێربێ ، جۆرە ئاوازێک بۆ هاوار وتاسان و تەنگانە !، جۆرە دەنگێگ

و هاوارێک بۆ خۆشی ، ئیتر بەم جۆرە ، لەپاشانیشدا ئەم هاوارە و دەنگە ئاواز ئاسایانە وشەی لەگەلیان بەکار هێناوە و بەرە بەرە بووە بەوشتەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت گۆرانی)) (باکوری ،١٩٩١،ل١٨١) هۆنراوە بنەمای سەرەکی گۆرانیە، بێ هۆنراوەنابێ و هۆنراوەیەکیش ئاوازی تێدانەبێ ناچێتەچوارچێوەی هۆنراوەوە (( هۆنراوە لە گۆرانی بووە و پێکەوە نووساون ، لەبەر ئەوە پێویستە لەگەل ئاواز و نەغمەی گۆرانیدا بسازێ، ئەوەش بەسازانی کێش دەبێ لەنێوانیان ))(بەرزنجی ، ١٩٥٨، ل٦) گۆرانیی لەناخی مرۆڤەوە هەلّدەقولّێ ، ئاوێتەیە بەهەست و سۆزی مرۆڤ بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری (( گۆرانیی یەکەم هۆنراوەیەکە ، کە لەگەل پەیدابوونی ئادەمیزاد هاتۆتەخوارەوە ، بۆیەش پێی ئەلێن گۆرانیی چونکە ئەم هاتنەی هەر لەگەل ساز و ئاوازدا بووە ، هەروەها ئەگونجێش پێشی بوترێت ویژدانی ، چونکە گوزارشت لە ویژدان و کەسیەتی هونەرەکە ئەداتەوە ، واتە هەرشتێک ئەو هونەرە ئەیلێتەوە گوزارشت لەهەستی خۆی ئەداتەوە )) (سەجادی ،١٩٥٢، )

مێژووی سەرهەلّدانی گۆرانیی کوردی : گۆرانیی وەک جمکەوایە لەگەل مرۆڤ ، لەسەرەتای ژیانی مرۆڤەوە گۆرانیش پەیدابووە ، بۆ دەربڕینی ئەو هەست و سۆزەی لەلای مرۆڤ پەنگی خواردۆتەوە ، بەلّام لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ ئەویش سادە و ساکار بووە یان هەر ئاوازێک بووە بێ وشە ، لە ناو گەلی کورد ((وشەی گۆرانیی دراوەتە پالّ (گۆران) ، کەیەکێکە لە هۆزەمەزنەکانی نێوان سنە و کرماشان کەخەلکی ئەو عەشیرەتەپێڕەوی ئاینی (ئەهلی هەق)دەکەن ، خاوەنی باوەڕ و ئاداب و ئەدەبیاتی تایبەت بە خۆیانن ، هەر هۆنراوەیەکی گشتی بەئاهەنگەوە ، بوترێت (گۆرانیی ) پێ دەلّێن )) (موکری ،١٩٥٠، ل١١) بۆسەلماندنی ئەو بۆ چونەی کەدەلّێن وشەی گۆرانیی لەعەشیرەتی گۆران وەرگیراوە (( عەشیرەتی گۆران نزیکەی هەزار سالێکیش دەبێت لە پەیڕەوانی (ئەهلی هەق)ن کەئاینێکی بێگەردی کوردییە و لەکوردستاندا دەژین و خاوەن کتێبی (سەرەنجام)ن کەبەزاراوەی گۆرانیی نوسراوە ، لەکاتی سروود و خویندنەکانیاندا ،کە سروودی (یارسان) یان پێ دەلێن بە ئاواز دەوترێتەوە،لەگەلیدا ئامێری تەنبوور بەکاردێنن)(باقی ، ٢٠٠٢، ل ٤٤)

نوسەرو مێژوو نوسانی کورد زیاتر جەخت لەم بۆچونە دەکەنەوە

(( مەقامە کلاسیکیەکانی کوردی وەکو (قەتار)و ئەلاوەیسی) و(ئای ئای ) .... هتد میراتی ئەو ئەدەبیاتە کۆنەی (گۆرانیی) ن کەتەنانەت تائەمڕۆ کرمانجەکان زۆر پێیان خۆشە ، کەبەر گوێیان بکەوێت ، شیاوی سەرنجە هەتا ئێستا لەشێوەی کرمانجی ناوەڕاستدا بە (أغنیە ) دەلێن گۆرانیی))

( هوەهبی . ١٩٧٣ ، ل، ١٢) لەگۆرانی فولکۆری کوردیشدا ئاماژە بەوەکراوە کە گۆرانیی هی کوردانە :

گۆرانیی ، هۆنراوە ، سیاچەمانە

قەدیم یادگاری قەومی کوردانە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پشت بەو بەلگە و دۆکۆمێنتانەی نووسیومانە ، هونەری گۆرانیی کوردی پێش ئیسلام خاوەن ژمارەیەکی زۆری ئاوازی تایبەت بەخۆی بووە ، بەڵام شەڕو لەشکرکێشیەکانی سەردەمی ئیسلام و کاتی ئەمەوی و عەباسیەکان هەموو ئەو ئاواز و گۆرانیانە یان وون بوون ، یان کەوتنە ناو کەلتوری عەرەب و فارس و تورک ( لەسەردەمی ساسانیەکان کورد مۆسیقایەکی یەکجار بەرزیان هەبووە ، لاسایکردنەوەش لەناویان هەر بەردەوام بووە ، مۆسیقای کوردی کاری کردۆتە سەرگەلەدراوسێکانی )(( حەمەکەریم ،١٩٨٠، ل١٤٥)) ئەم هونەرە بەگوێرەی سەردەم ، بەردەوامی هەبووە ، لەگەل ئەو هەموو داگیرکاری و سەرکوتکردنە توانیویەتی خۆڕاکرێ  و بەشێک بێ لەکەلتور و ناسنامەی کورد ، دوای زیندوکردنەوەی گۆرانییە فۆلکلۆریەکان هونەرمەندانی کوردیش لە پەنجاکانی سەدەی بیست دەستیان کردوە بە دانانی سەدان گۆرانی هونەری کە گۆرانیەکانی دلێر بەشێکن لەو گۆرانییە هونەرییانەی کورد لە کوردستانی باشور .

جۆرەکانی گۆرانی کوردی :گۆرانیی کەبریتیە لە دەربڕینی هەستەکانی مرۆڤ لەوکاتەی تێیدا دەژی ، چ خۆشی بێت ، چ ناخۆشی ، کە هەموو جۆرە هەستەکانی مرۆڤ دەر بڕێت ،گۆرانیی خۆشی دەبێتە چەند جۆریک لە گۆرانیی(( گۆرانیی لەناو ژەنراوەکانی ئەدەبی فۆلکلۆردا جێگەیەکی گرنگی هەیە ، هاوشانی ئادەمیزاد لە بێشکەوە تا ژێرخاک ، هاوڕێی ژیانیەتی ، هاوبەشی ئیشکردنی ئادەمیزادە ، شیرینکەری جەژن و شادییە ، وەک تنوکی شادی ، کاتی حەوانەوە زاخاوی مێشک ئەداتەوە ، گۆرانی هاودەمی ئافرەتان و شایی ناو خێزان و جوانی بەیان و خۆرائاواو ئێوارانە )) (رەسول ، ١٩٧، ، )

١ – گۆرانیی کارکردن :

١ – گۆرانیی دروینە  ٢ – گۆرانیی دەستاڕ هاڕین  ٣ – گۆرانی ڕاوکردن

٤ – گۆرانیی شوانکارەیی ٥ – گۆرانیی مازو چنین ٦ – گۆرانیی ساوارکوتان

٧ – گۆرانیی کاسب کاری ٨ – گۆرانیی مانگا دۆشین ٩ – گۆرانیی جووتیاری

١٠ – گۆرانی مەشکەژەنین

ئەم گۆرانییانە هەندێکیان پیاو دەیڵێن لەکاتی کاری پیاوان ، هەندێکیان ژن دەیڵێن لەکاتی کاری ژنانە .

٢ – گۆرانیی بۆنە : ئم جۆرە گۆرانیانەش بەس لەکاتی بۆنەکان دەوترێن ،

وەک : ١ – منالبوون   ٢ – بوک گواستنەوە  ٣ – گۆرانی ئاینی

٤ – نیشانەکردن          ٥ – خەنەبەندان       ٦ – ئێشکگرتن

٧ – پرسە (شین و لاواندنەوە )  ٨ – هەڵپەرکێ و شایی ٩ – خەتەنە

٣ – گۆرانیی ڕۆژانە : ئەم جۆرە گۆرانییانەش ڕۆژانە دەوترێن .

١ – گۆرانیی یاری ( مندالان و گەوران )

٢ – گۆرانیی لای لایە


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

٣ – گۆرانیی دڵداری   (رەسول ،١٩٨٤، ل ١١٦)

گۆرانییەکانی دلێر کە (١٦) گۆرانیین، سێزدەیان گۆرانیی دڵدارین، سێ گۆرانیەکەی تری، یەکەمیان نیشتیمانی و دووەمیان سیاسی و سێیەمیان هەستی مرۆڤانەیە.

گۆرانی دڵداری ((ئەو بەستەو بەند و ئاوازانەن، کە بەشی زۆری گۆرانیی کوردی لێ پێک دێت، کە بۆ ئەوینی ئافرەت دانراون، کە لەلەنجەو لارو یەکە بەیەکەی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت و ئەو جل و بەرگ و خشل و زێرانەی لەبەریان دەکات دەدوێن و باسی جوانیان دەکات))(شارباژێڕی، ١٩٨٥، ٧٠).

دلێر وەک شاعیرێک و هونەرمەندێک، جگە لەوەی تەمەنی بەخشی بوو بە سیاسەت، بەڵام وەک شاعیرێکی جوانناس و شەیدا و سەرسام بەباڵای زراڤ و چاوی کاڵ و لێوی ئاڵی ڕەگەزی مێ، ئەو هەست و سۆزەی خۆی ئاوێتەی ئاوازی ناسک و هێمن کردووە و لە گۆرانیەک دەربیبڕیووە، زۆربەی گۆرانییەکانی داوە بە گۆرانیبێژان، خۆی سەرەتا هەندێکی لە ئێزگەی بەغدا، بەشی کوردی تۆمار کردووە، گۆرانیەکانی تری بەدوای ئەو دەنگە دا گەڕاوە کە لەگەڵ دەنگ و پلەی دەنگی بگونجێ، ئەو سێ هونەرمەندەی خۆی گۆرانییەکانی پێداون (عەباس محەمەد، شەماڵ حەمە تۆفیق، خەڵاتی کچی).

((ڕەنج و تەقەڵای کەسانی وەک مامۆستا خالید دلێر، چ وەک ئاوازدانەرو چ وەک شارەزایەک لەشیعری گۆرانییدا، بەئاوازو گۆرانی کوردییەوە دیارو ئاشکرایە))   (حسن، ١٩٨٨، ٥).

٤-/ ٢/ گۆرانییەکانی دلێر:

١- گۆرانی پرسیار:

لەمانگی ٣ی ١٩٥٧ لەئێزگەی بەغدا بەشی کوردی تۆماری کردووە، ئەم گۆرانییە بە (چاوەکەم بۆچی) ناسراوە، یەکەم ئاوازی دلێرە کە تۆماری کردووە، ناوەڕۆکی گۆرانییەکە بریتییە لە چەند پرسیارێک لەدولبەری خاوەن لەنجەو ناز، کە بێ خەتاو گوناە، لێیتۆراوە، لێیدەپرسێ هۆکارەکەی پێبڵێت، چونکە ئەو جگە لەدڵسۆزی و شەیدابوون هیچیتر شک نابات:

چاوەکەم بۆچی بەجارێ


e-ISSN (2522-7130)   p-ISSN (2410-1036)

منت ڕیسواکرد

بەلەنجەو نازی جوانت

عەقڵت شەیدا کرد

چاوەکەم بۆچی

پێم بڵێ بۆچی؟

+++

بۆچس تۆرای بێ خەتا لێم

توو حەقی جوانیت؟

تو بەرەوتی پڕ لە جیلوەو

نازی ڕێی کانیت؟

چاوەکەم بۆچی

پێم بڵێ بۆچی؟

+++

بیر ئەکەمەوە بەوردی

هەلێک، خەتایێ

لەمنی ڕوودابێ بەهیچ جۆر

بەبیرما نایێ

کەوایە بۆچی

پێم بڵێ بۆچی؟


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

+++

من کە دڵسۆزم سزام ئەدەی

کەی ڕەوا وایە

کەی لەتۆڵەی خۆشەویستی

جەورە سزایە؟

چاوەکەم بۆچی

گیانەکەم بۆچی

بێ خەتا بۆچی؟

٢- گۆرانی بۆ جوانی سەرەڕێ:

ئەم گۆرانییە، هۆنراوەکەی هی (گۆران)ی شاعیرە، دلێر ساڵی ١٩٥٦ ئاوازی بۆ دادەنێ، بەڵام دوای بیست ساڵ، هونەرمەند عەباس محەمەد لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆماری دەکات ((ئەم گۆرانییە بیست ساڵی ڕەبەق لەمێشکی مندا ژیاو تۆمار نەکرا))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ١٦).

هەرچەند وریا ئەحمەد لەکتێبی (خالید دلێر) دەڵێت لەساڵی ١٩٥٧ بەدەنگی خۆی لەئێزگەی کوردی بەغدا تۆماری کردووە، بەڵام دلێر لەبیرەوەریە هونەریەکانی ئاماژە بەوە دەدات کە چوار گۆرانی بردووە بۆ تۆمارکردن، بەڵام لەئێزگە تەنیا دوانیان بۆ تۆمار کردووە، ئەو دووانەی بۆی تۆمار نەکراوە، گۆرانی (سەما، جوانی سەرەڕێ) بووە ((لەچوار گۆرانییەکەی خۆم ، دووانی (بۆ جوانی سەرەڕێ)و (سەما) کەی قبووڵ نەکرد بەو حیسابەی تیپەکەی ئەوان ناتوانن تۆماریان بکەن))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ٢٠).

ناوەڕۆکی گۆرانییەکە بریتییە لەکاتی سەردانی دێیەک. جوانێک سەرنجی شاعیر ڕائەکێشێ، تێڕوانینی شاعیر بۆ ئەو جوانە هەر لەڕوانگەی جوانیە و بەس، شاعیر لەسەر ڕێبازی (پەڕناس) ئەم شیعرەی داڕشتووە، کە جوانی لەپێناو جوانیدا دەبینێ و دژی جوانی بەسوودە، جوانی خۆی ئامانجە لەلای شاعیر نەک ئانراز بۆ گەیشتن بەئامانج:

بۆ جوانی سەرەڕێ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم

بەیانی ڕۆژهەڵات

سوار ئەبم جێیدێڵم

+++++

ئەم دێیە جێ دێڵم

بێ نیشان بێ شوێن پێ

ءەی پەری سڵ مەکە

لامەدە بۆ لاڕێ

بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم

+++++

سڵ مەکە لەمەیلی،

بەگەرمی ڕوانینم

پیاوێکم جوانییە

قیبلەگای ئایینم

بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم

+++++

سەرنجێک من ئەیدەم

لەو بەژن و باڵایە

لەسینەی پاکەوە

بۆ جوانی تەنیایە

بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم

+++++

تۆش لەگەڵ هەر جوانێک

ئەبینم تا ئەمرم

ئەبێتە مرواری بۆ

ملوانکەی شیعرم

بۆ یەک شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم

+++++

٣- گۆرانی سەما:

((شعرەکە بەناوی (سەما)یە، باسی ئافرەتێکی جوان دەکا، چۆن لەگەڵ دەنگی مۆسیقا سەما دەکاو لەسەر شانۆکە دێتە خوارەوە هەتا دوایی دەگەڕێتەوە سەر شانۆکە و پەردەکەی بەسەردا دادەدرێتەوە، شیعرەکە کاریگەری مامۆستا (گۆران)ی پێوە دیارە))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ١٨).

وەسفێکی وردی ئەو ئافرەتەیە کە لەسەر شانۆ سەما دەکات ، ئافرەتەکەی لەجوانی بەپەری چواندووە، پڕ لەپێدا هەڵگوتنی بەژن و باڵای نەمام ئاسای ئەو ئافرەتەیە، ئەو گۆرانییە ساڵی ١٩٥٧ یەکێک لەو چوار گۆرانییە دەبێ کە دەیەوێ لەئێزگەی بەغدا تۆماری بکات، تەنیا دوو گۆرانی بۆ تۆمار دەکەن، گۆرانی (سەما) تۆمار ناکرێت و ئێستاش ئاوازەکەی وونە، چوار دێڕی گۆرانییەکە لەبەر دەستن کە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە:

سەما

کەهات کاتی سەما، جۆشا،

دەروونی عود، کەمان، پیانۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەدەرکەوت ئافرەتێکی جوان،

لەدرزی پەردەکەی شانۆ

نەمام بوو بەژن و بالآکەی،

شەماڵی لەنجە دەیلەرزان

لەتەوقی سەر هەتاکو پا،

دەیانکرد دانس و جلوەی جوان

کە هاتە خوار بەپێپیلکە

لەسەر شانۆیەکەی بەرزی

پەری جوانی خواوەند بوو،

لەئاسمان هاتە سەر ئەرزی

بەیەک پەردە، لەدیوی خۆی،

هونەر جوانی، گەلێ خۆشی

لەدیوی کەش گەلێ چاو و

گوڵی ئاواتی داپۆشیی

٤- گۆرانی تۆران:

ئەم گۆرانییە ساڵی ١٩٥٧ لەئێزگەی بەغدا، بەشی کوردی تۆمار کراوە، گۆرانییەکی دڵدارییە، بریتییە لەگلەیی و زویربوون لەیارەکەی، کە لەخۆڕا شاعیری تۆراندووە، ئەنجام بۆتە هۆی پچڕان و دابڕان و هاوڕێیەتی دۆڕان، تێکستەکە جوان داڕێژراوە، لێکچواندن هەیە لەچواندنی (دڵی) بە (گوڵ) کە ڕووی لێکچواندن (ناسکیە)، جگە لەوەش بەکوردیەکی پەتی جوان داڕێژراوە، سەرنجی گوێگر بۆ خۆی ڕادەکێشێ:

تۆران


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

ئەو ڕۆژەبوو منت دۆڕان

کە بەناهەق دڵمت تۆران

من هاوڕێ یێ بووم دڵسۆز بووم

تۆ سەبەب بووی ڕوویدا گۆڕان

ئەو ڕۆژە بوو منت دۆڕان

+++++

چەندم هاوار کرد مەتۆرێ

هەڵەم چییە بینە گۆڕێ

بێ گوناهم لەئاو پاکتر

گوێت نەدامێ بەهیچ جۆرێ

تازە ڕۆیی منت دۆڕان

ئەو ڕۆژە بوو.....

+++++

داخەکەم دڵ وەک گوڵ وایە

سیس بێ ئیتر گەشەی نایە

گوڵ گوڵێک بۆت هیوا بوو

تۆ کوێرت کرد ئەو هیوایە

تازە ڕۆیی منت دۆڕان

ئەو ڕۆژە بوو.....


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

+++++

ئیتر پەنجەی پەشیمانی

بکرۆژە تاکو ئەتوانی

تامکە ئەنجامی ناخۆشی

دڵ بێ سۆز و بێ ویژدانی

تازە ڕۆیی منت دۆڕان

ئەو ڕۆژە بوو.....

+++++

٥- گۆرانی قومری:

ئەم گۆرانییە چیرۆکێکی خۆی هەیە کە دلێر خۆی دەیگێڕێتەوە ((دوو ژوور و هەیوانێکمان لەماڵێک بەکرێ گرتبوو لەگەڵ ژن و مێردێکی عیسایی، ئەمان لەخوارەوە و ئێمە لەسەرەوە بووین، زوو زوو قومری بەسەر دیواری ماڵەکەمانەوە دەیانخوێند، لەسەر داوای برادەران بەتایبەتی عومەر دەبابە، مام جەلال هاتە لای من، لەلای ماڵە دیانەکەی ماڵەکەمان گوتم ئەمە ئامۆزامە و نەخۆشە و هێنایتمە لای خۆم بەتەمایە بۆ نەخۆشیەکەی بچێتە دەرەوە، بەیانیان کەرستەی پێویستم لەبەر ماڵەکەی خۆمان دەکڕی و دەمبردەوە، دوای نیوەڕۆ لەئیش دەگەڕامەوە و مام جەلال چێشتی چاکی لێ دەناو بەیەکەوە دەمانخوارد، یەکێک لەچێشتە باشەکانی کە لەبیرم ماوە (تەبسی باینجان)بوو، ئیدی بەیەکەوە هەموو باس و خواسێکمان دەکرد، هەردووکمان برادەری سەردەمی منداڵی بووین، لەکۆمەڵەی (K.P.X)بەیەکەوە بووین و هەتا ئەو کات هیچ یەکێکمان لە ڕێبازو ڕێکخستنەکەشدا لامان نەدابوو، چ زۆر بوو باس و خواس زۆر بوو هەتا قسانی لەسەر بکەین ئێوارەیەکیان لەسەر یەکێک لەمەسەلەکان لەیادم نەماوە چی بوو، نەگەیشتینە یەک، وەش نەبوو کەزانی ناگەینە یەک باسەکە بگۆڕێ، یا بۆ ماوەیەکی دی دایبخا، نەخێر دەیویست ڕاستی خۆیم پێ بسەلمێنێ، من برا بچووک بووم (من چەند ساڵێک لەو بچووکترم) دوای ئەوەش من هاتوو چۆی دەرەوەم دەکرد و وەکو ئەو لەماڵەوە لەو گەرمایە پشیم نەخواردبۆوە، بەهەموو حسابێک دەبوو من قبوڵی بکەم، مانگە


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

شەوێکی خۆش بوو، بۆ ئەوەی باسەکەی لەبیر بەرمەوە، لەماڵ دەرچووم و گەیشتمە جادەی ئەڵماس و بەرەو ڕێگەی هەولێر گردی ماڵی قازی و بەنزینخانەی سەرووی سکەکەی شەمەندەفەر ڕێی هەولێر، بەسەر ڕۆیشتنەکەمەوە ئیقاعێکم وەرگرت و کەوتمە ڕێوە، وەک ئەوە کە هەموو جارێک بەم شێوەیە ئاوازم دادەنا. ئەو ئاوازەی لەدەرون و مێشکم دابوو، هەردەبوو بەئاوازی مەقامی (صەبا) دەربڕینی لێبکرێ، بەڵام دەربڕینی لاوێکی شۆڕشگێڕ و خەباتکەر، بەناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازانە کە خەمۆکی ئاوازەکە کەم بکاتەوە و نەهێڵێ بەستەیەکی ڕووخێنەری داتەپیوی لێدەربچن، ئاگام لەخۆم نەما، بەدانانی شیعرو ئاوازی گۆرانییەکەوە خەریک بووم، ڕستەیەکی مۆسیقام بەدڵ نەبایە، ڕستەیەکی دیکەم دەگۆڕی، دێڕە هۆنراوەیەکم ڕاڵێنەبایە دێڕێکی دیکەم لەجێگەی دادەنا، کاتێک بەئاگا هاتمەوە خۆم لەسەر پردەکەی سەرووی باخچەی (أم الربیعی) دۆزیەوەو بەستەی (بۆ قومری)ش بەتەواوی هاتۆتە ژیانەوە و تەواو بووەو بەدڵی خۆم ئامادەیە.

برادەرەکەم بەبیرهاتەوە، کاتیش نەختێ درەگ بوو بوو، بەرەوە ماڵ گەڕامەوە بۆ ئەوەی ئاوازو شیعرەکەم لەبیر نەچێتەوە (کەمن نۆتە نازانم) بەرەو ماڵ دەستم کرد بەگوتنی گۆرانییەکە، لەسەر ڕێگا پیرەمێردێک بەو درەنگەوە هەر بەدیار فرۆشانی کاڵەکەوە دانیشتبوو، دوو گندۆرەی جوانم کڕی و چوومەوە ماڵەوە، مام جەلال مەسەلەکەی لەیاد نەچوو بوو، پێم گوت من گۆرانی تازەم بەبەرهەم هێناوە، دەروونم جێگەی ناخۆشی و عاجزی تێدا نابێتەوە، دانیشە با ئەم گندۆرانە بخۆین!!))(دلێر، ٢٠٠٣، ٧٩).

بۆیەکەمجار لە مانگی ٣ی ١٩٥٨ دلیر بەدەنگی خۆی لەئێزگەی بەغدا بەشی کوردی تۆماری کردووە، بەڵام لەهاوینی ١٩٥٧ هۆنراوە و ئاوازەکەی داناوە، لە ١٩٥٨/٣/٢١ لەئێزگە بڵاو کراوەتەوە و دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە و دواتر قەدەغەکراوە تا شۆڕشی چواردەی تەمووز، بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٦ بەدەنگی (خەڵات)ی کچی تۆمار کراوەتەوە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک، کۆپڵەیەکی بۆ زیاد کردووە، گۆرانیەکە دەربڕینی هەستێکی مرۆڤانەیە و ئیرەیی بردنە بە (قومری) کە بۆ دەگرییێت، لەکاتێک دا ئەو ئاوازە و دورە لەداو و قەفەس، ئەو هاوڕێی گوڵە و دەست و پێی کەلەپچە نییە، داوای لێ دەکات نەگری و ژیان بەهیواوە خۆشە، دەڵێ سەیری من بکە کە ژیانم چەند سەختە، بەڵام هەرگیز کۆڵ نادەم، لەدوا کۆپڵەی کە بۆ جاری دووەم بۆی زیاد کردووە، گریان بەچارەسەر نازانێ و پێی دەڵێ نابێ ورە بەربدەی، چونکە ژیان بەردەوامە، گریان ئەو چەکە نییە بیکەیە قەڵغانی بەرەنگاری نەهێشتنی سەختیەکانی ژیان، ئەم گۆرانییە سەرەتای هەستێکی مۆرڤانەیە بۆ هاوبەشی ئازارەکانی مەلی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(قومری) و فرمێسکەکانی، بەڵام دواتر شێوازێکی سیاسیانەی ڕەمز ئامێزی وەرگرتووە، بۆ بەرەنگاری ڕژێمی ستەمکار:

قومری

ئەی قومری بۆ ئەگری

سەرم سوڕماوە قومری بۆ ئەگری؟

بێباک دێیت و هەڵئەفڕی

بۆ ئەگری بۆ ئەگری

+++++

دووری لەئازاری دەس     بۆ ئەگری

دووری لەداو و قەفەس    بۆ ئەگری

لەگەڵ گوڵ هاوڕێنە و کەس

فرمێسکی چاوی ئەسڕی

بۆ ئەگری بۆ ئەگری

+++++

من کە دەم پڕ لەسکاڵام     بۆ ئەگری

لەم ژیانەی لەناوام      بۆ ئەگری

بەڵام بڕوایی و هیوام  ڕێگای بێزاری ئەبڕی

بۆ ئەگری بۆ ئەگری

+++++

گریان چارەی دەرد نییە     بۆ ئەگری؟


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

چەکی ڕێی نەبەرد نییە   بۆ ئەگری؟

دوور لەخەوش و گەرد نییە

ڕێی ورە بەردان بگری

بۆ ئەگری بۆ ئەگری؟

+++++

٦- گۆرانی سکاڵا:

ئەم گۆرانییە لەمانگی ٣ی ١٩٥٨ بەدەنگی خۆی لەئێزگەی بەغدا بەشی کوردی تۆماری کردووە، جاری دووەم بەدەنگی شەماڵ حەمە تۆفیق تۆمار کراوەتەوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی لەساڵی ١٩٨٠، گۆرانییەکی دڵدارییە، دوو ئەوین دار لێک تۆراون، کوڕەکە داوا لەکچەکە دەکات بزانێ لەسەر چی لێی ڕەنجاوە، چ ناحەزێک هانیداوە بۆ ئەو دوور کەوتنەوەیە، داوای لێدەکات با لێکتر نزیک ببنەوە، ناخۆشی ببڕێتەوە، ناحەزیش لەداخا بتوێتەوە:

سکاڵا

نازانم بۆچی جەفا ئەنوێنی

سووچم گوناهم بۆ نامدوێنی؟

کام ناحەزم کام بەد کام درۆزنە

قسە لەنێومان ئەباو ئەهێنێ؟

نازانم بۆچی جەفا ئەنوێنی

+++++

دەت گوت کەخاوەن وادەو بەڵێنی

پەیمانت دابوو کە واز نەهێنی

ئەی لەسەر چی بوو بێ وادە دەرچووی

کێ فێری کردی پەیمان شکێنی؟

نازانم بۆچی وەفا دەنوێنی

+++++

وەرە ناخۆشی با ببڕێتەوە

ئاشتی و دڵسۆزی جاران بێتەوە

ناحەز برینی با بکولێتەوە

دۆستایەتیمان بەچاو ببینی

نازانم بۆچی جەفا ئەنوێنی

+++++

٧- گۆرانی موژدە:

ئەم گۆرانییە شیعری پیرەمێرد و ئاوازی خۆیەتی، لە مانگی ٣ی ١٩٥٨ لەئێزگەی بەغدا بەشی کوردی تۆماریکردووە، گۆرانییەکە بۆ یادی نەورۆز وتراوە، وەسفی سروشتی کوردستان دەکات کە چۆن ڕازاوەتەوە، گوڵ چۆن چرۆ دەکات و بولبول بەئاواتی ڕاموسانی گوڵ دەناڵێ، گۆرانییەکە لەچوارچێوەی جوانی سروشتدا دەخولێتەوە:

موژدە

موژدە بێ ساڵ گەڕایەوە

ئاگری نەورۆز کرایەوە

بەفری زستان توایەوە

کەژ و گیاو گوڵ ژیایەوە

نوخشە بێ لە   نوخشە بێ لە

کوردی هەژار   ئێمەی هەژار

+++++

وافەرشی چیمەن ڕاخرا

گوڵاڵە بوو بۆ شەو چرا

گوڵ دەستیان بەستووە وەک برا

نەسرین و لالە تێکڕا

هاتنە لەنجە هاتنە لەنجە

سەرو و چنار سەرو و چنار

موژدە

+++++

بولبول شەو بەئاواتەوە

بادەی شەونم ئەخواتەوە

دەگری بەناڵەو ئاهەوە

بەڵکو گوڵ دەم بکاتەوە

چرۆی دەرکرد     چۆری دەرکرد

درەختی دار    درەختی دار

موژدە

+++++

٨- گۆرانی وەی وەی:


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

ئەم گۆرانییە لەساڵی ١٩٧٢ هۆنراوەو ئاوازەکەی داناوە، بەدوای دەنگێکی گونجاو گەڕاوە تا گۆرانییەکەی پێبدات، ساڵی ١٩٧٦ هونەرمەند عەباس محەمەد لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوک تۆماری دەکات، گۆرانییەکی ڕۆمانسی و دڵدارییە، وەک زۆربەی گۆرانییەکانی تر دڵبەر ناز دەکات و دڵ ڕۆیشتوو بەبەژن و باڵای دا هەڵدەڵێت و تکای لێدەکات دڵ ڕەقی بەسە و باڵێک نزیک ببنەوە، لەخۆشاوی خۆشەویستی یەکتر هەڵمژن:

وەی وەی

وەی وەی وەی وەی

جوانێ خوا بتکا بێ وەی

دەرهەق بەدڵدارەکەت

بەسییە دڵڕەقی تاکەی

دەسا بهێڵە بمژم

لەم دەم و لێوانەی مەی

مەی مەی مەی مەی

زۆر پەرێشانم بۆ مەی

+++++

دیدەم ڕوحی ڕەوانم

وێردی ڕۆژ و شەوانم

سەرچاوەی هەست و بیرو

وردەکاری جوانم

بخە ناو دەستم دوو بەی

باتاوێ بلێم ئۆخەی

وەی وەی   وەی وەی

زۆر پەرێشانم بۆ مەی

+++++

چەندی بلێن ئازیزی

گوڵەباخی پاییزی

ئەگەر مەیلت کوشتنمە

بۆیە وا لیما زیزی

تۆ بی ئەم بوونەی تۆ هەی

دەستم دامێنت نەیکەی

وەی وەی  وەی وەی

زۆر پەرێشانم بۆ مەی

+++++

٩- گۆرانی سزا:

ئەم گۆرانییە ساڵی ١٩٨٩ بەدەنگی سەلاح مەجید لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی تۆمار کراوە، گەرچی هۆنراوە و ئاوازەکەی لەساڵی ١٩٧٥ دانراوە، پێش سەلاح مەجید دوو جار عەباس محەمەد هەوڵیداوە تۆماری بکات، بۆیان تۆمار نەکردووە، ((ئەم گۆرانییە، بەلای خۆمەوە لەگۆرانییە هەرە خۆشەکانمە))      (بەرزنجی، ٢٠١٢، ٤٣).

ئەم گۆرانییەش جولاندنی هەست و سۆزی دڵبەرە، کە بەزەیی بێتەوە بەعاشقە شێت و شەیداکەی و چیتر ئازاری نەدات بەخەمی دوری و ئاوڕنەدانەوە لێی، یەکێکە لە شاکارەکانی هونەری گۆرانی کوردی کە وشەو ئاوازەکەی سەرنج ڕاکێش و کاریگەرن لەسەر گوێگر ((لێرەدا شاعیر، ڕاستییەک دەردەبڕێ، کە تائێستاش بەکردەوە جێ بەجێ نەکراوە، لە لایەن زۆرکەم لەتێکۆشەران نەبێ، پیاوی دڵدار، جادڵداری ئافرەت، دڵداری نیشتیمان بێ، دڵداری


e-ISSN (2522-7130)             p-ISSN (2410-1036)

بەختیار کردنی چەوساوەکان بێ، دڵداری مرۆڤایەتی بێ، نابێ بترسێ، ترس و بەرژەوەندی، کە خەباتگێڕی سارد کردەوە، ئەبێ بە (هەلباز) ))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ٤٨).

دلێر لەم گۆرانییە دڵدارییەی ئافرەت لەکۆپڵەی دواییدا باس لەبەرەنگاری و سڵ نەکردنەوە دەکات لەهەوراز و چقلی ڕێگای بەرەو ئامانج دا، ئەم کۆپڵەیە لەو تێکستانەی وریا ئەحمەد بڵاوی کردۆتەوە تێیدا نییە:

چۆن دەبێ دڵدار گوێ بە چقل بدا

چۆن بۆ من دەردێی، لەناخی دڵدا

لەتۆیەک هەرچی جوانی هەیە

کۆ بووبێتەوە لە (تاکێ گوڵدا)؟!        (دلێر، ٢٠٠٢، ٣٦).

گۆرانی سزا

ئەگەر سزایە هەر بەسە

ئەگەر جەفاشە هەر بەسە

ئەگەر ئازاری خەڵکی تر

لەلات ڕەوایە هەر بەسە

+++++

مردم ئەوەندەی بگرم بناڵم

جارێک بەزەییت نەهات بەحاڵم

جێیە شک نابەم بۆ عەرز و حاڵم

بۆیە ئەوەندە بێباکی زاڵم

ئۆف ئۆف بێباکی زاڵم

ئۆف ئۆف بێباکی زاڵم

ئەگەر سزایە.....

+++++

ژیان و مەرگم لەدەستی تۆیە

دڵبەستەی تۆمە ئەمەندە بۆیە

دوور لەجوانی تۆ کە هەر بەو هۆیە

ئەوەی ئازارە لەسەر من کۆیە

ئۆف ئۆف بێباکی زاڵم

ئۆف ئۆف بێباکی زاڵم

ئەگەر سزایە.....

+++++

١٠- گۆرانی ناسک:

ئەم گۆرانییە هۆنراوەو ئاوازەکەی لەساڵی ١٩٧٦ دانراوە، لەساڵی ١٩٨٠ لەلایەن شەماڵ حەمە تۆفیق تۆمار کراوە، گۆرانییەکی دڵداری و پڕ لەوەسفی جوانییە، یار بە (لەیل و شیرین و زین) دەچوێنێ، خۆشی دەبێ بە(مەجنون و فەرهاد و مەم) کە بەنامرادی سەریان نایەوە، لەلایەتی تر یارەکەی بەخوڕەی ڕووبار و بلوێر و باران دەچوێنێ، کە هەرسێکیان جوانی سروشتن، لێکچواندنێکی سەرنج ڕاکێشی لەنێوان یارەکەی و دیاردەکانی سروشت ئەنجام داوە، کەمایەی تێڕامان و گوێ لێگرتنە.

گۆرانی ناسک

ناسک خۆراکی گیانی

ناسک تۆ خۆت گیانی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ناسک ژین و ژیانی

ئۆف ناسک   ئۆف ناسک

+++++

تۆ هەوێنی ئەوینی

پێم ناڵێی بۆ من چی نی؟

بۆ من وەک سێ دڵداری

(لەیل)ی (شیرین)ی (زین)ی

ئۆف ناسک    ئۆف ناسک

+++++

تۆ وەک خوڕەی ڕووباری

دەنگی (بلوێر) و (تار)ی

بارانی خێر و فەڕ بووی

بەسەر دڵمدا باری

ئۆف ناسک   ئۆف ناسک

+++++

١١- گۆرانی بەهارە:

گۆرانییەکی سیاسیە ((ئاوازی کۆپلەی یەکەمی (کۆرس) لەپێش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ دانراوە، بەڵام هۆنراوەی ئەم کۆپلەیە، گۆڕانی تێدا کرا، دوای هەرەس کەڵکم لەو کۆپلەیە وەرگرت و گۆرانییەکەم بەشیعر و ئاوازەوە تەواوکرد))(دلێر، ٢٠٠٢، ٣٧).

لەهاوینی ١٩٧٥ دەیدات بە ئەنوەر قەرەداغی بۆ تۆمارکردن، بەڵام تا ساڵی ١٩٨٤ ڕەزامەندی تۆمارکردنی نادرێ، بەدەنگی (خەڵات) تۆمار دەکرێ، گۆرانییەکە باس لەشۆڕشی ئەیلول و هەرەسی شۆڕشەکە دەکات، داوا دەکات کۆڵ نەدەن و هیواو ئامانج بەتێکۆشانی بەردەوام دێتەدی، بەهاری نائومێدی مەبەستی (بەهاری ١٩٧٥)ە، کە نائومێدی سەرتاپای کوردستانی گرتبۆوە، داوا دەدات تێبکۆشن بۆ نەهێشتنی کاریگەری بەهاری نائومێدی، چونکە هەربەخۆڕاگری و هەوڵدان دێتەبەر، بەرهەمی خەبات و قوربانیدان.

بەهارە

بەهارە بەهارە

هیوای ڕەنج دیارە

خونچە لەگوڵزارە

بەهیوای هوزارە

بەهارە بەهارە بەهارە بەهارە

+++++

بەڵێ زێدە خۆشە بەهاری ژیان

هەموو شت لەبارە و هەموو شت جوان

بەهاری نائومێدی

نەهێڵین هێدی هێدی

بەهاری نائومێدی

+++++

بەهیوا و بەهەوڵی لەبار دێتە بەر

ژیان بەختیاری گەلی کۆڵنەدەر


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەسادەی تێبکۆشە

ژیان هەر جۆرێ خۆشە

کە زادەی ڕەنج و هۆشە

+++++

١٢- گۆرانی ڕۆیی ڕۆیی:

ئەم گۆرانییە هۆنراوە و ئاوازەکەی ساڵی ١٩٧٥ دانراوە، بەڵام ساڵی ١٩٨٠ بەدەنگی شەماڵ حەمە تۆفیق و ئامادەکردنی ئەنوەر قەرەداغی تۆمار کراوە، گۆرانییەکی دڵدارییە، بەڵام لەناو ئەم جۆرە گۆرانیانەش دەکرێ هەستی مرۆڤانە دەربېرێ، یان بۆ ئەو سەردەم کوردایەتی تێدابکرێ، وەک لەم گۆرانییەدا، لەکۆپلەیەک ئەو هەستە دەبینین:

خۆزیا کانیبام، جوانی خۆیم بۆ دەنواند

تۆوی دڵداری و بەڕەحمیم لەدڵیا ئەڕواند

خۆزیا کانیبام، پڕ جوانی بام

بۆ خەڵک مایەی زیندەگانی بام

((ئەبینین لەو پەڕی دڵدارییەوە، گۆرانییەکە ئەتباتە بوارێکی ئەوپەڕی مرۆڤایەتییەوە، ئەو هەموو خۆشەویستییەی بۆ نازدارەکەی کۆیی، وەکو جۆگەلەیەکی بچووک تێکەڵاوی دەریای مرۆڤایەتی ئەکا و خۆی و نازدارەکەی ئەبن بەبەشێک لەمرۆڤایەتی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، دڵداری ڕاستەقینە و دەرونی بێ، هەمیشە خۆی بەبەشێک لە مرۆڤایەتی دائەنێ، ئەوەی وانەبێ، دڵدار نییە، هەوەس بازە، ئەیەوێ بەرامبەرەکەی بچەوسێنێتەوە))(بەرزنجی، ٢٠٠٢، ٤٨).

کۆپلەکانی تر پڕە لە وەسفی جوانی نازدارەکەی کۆیی، کە بەلەنجەو لاری ڕۆیشتنی، جوانی لێدەبارێ و دڵی دڵدار ئەتوێنێتەوە.

ڕۆیی ڕۆیی

ڕۆیی ڕۆیی ڕۆیی ڕۆۆی


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

نازدارەکەی کۆیی

بۆسەر کانی زۆر بەجوانی

زۆر بەجوانی بۆسەر کانی

بەلەنجەو لار ڕۆیی

نازدارەکەی کۆیی

+++++

خۆزیا کانیبام

جوانی خۆیم بۆ ئەنواند

تۆوی دڵداری و بەڕەحمیم

لەدڵیا ئەڕواند

خۆزیا کانیبام پڕ جوانیبام

بۆ خەڵک مایەی زیندەگانیبام

ڕۆیی ڕۆیی

+++++

دەست و چاو و پەرچەم و

زوڵف گۆنام ئەشۆری

گەردی ناو دڵیم بەفێنکی و

شادی دەگۆڕی

چۆڕاوی بسک، بتکایا تک تک

ختوکەی بایا،


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەسینەو مەمک

ڕۆیی ڕۆیی

+++++

١٣- گۆرانی پەری:

ئەم گۆرانییە لەساڵی ١٩٦١ دانراوە، لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیست دەیدات بەتایەر تۆفیق کە لەگەڵ پلەی دەنگی ئەو دەگونجێ ((لەناوەڕاستی حەفتاکاندا ، پێکهاتین کە گۆرانی (پەری ئەی پەری – چەندی بڵێین دولبەری)م بۆ بڵێ و هەر لەو دانیشتنە لەهەولێر بەدەنگی خۆم تۆمارم کرد و هۆنراوەکەیم بۆ نوسیەوەو چاوەڕوان بووم، کاک تایەر بچێتە کەرکوک، ئەچێتە تەلەفیزیۆن و ئەڵێ گۆرانی تازەم هەیە هاتووم تۆماری بکەم، لێژنەی مۆسیقا هەر لەژووری بەڕێوەبەر گوێی لێ دەگرن، ئاوازەکەی پەسند ئەکەن، داوای لێئەکەن شیعرەکەیان بۆ بنوسێتەوە، تا بزانن شیعرەکەش پەسند ئەکەن یا... نا؟ کاک تایەر تورە ئەبێ و ئەڵێ: من لەچلەکان ڕاستەوخۆ، بەبێ تۆمارکردن و سەیرکردن گۆرانیم گوتووە، ئێوە دوای سی ساڵ، تازە داوای شیعر نوسینەوەم لێ ئەکەن، ئەڕوات و گۆرانییەکە تۆمار ناکا))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ٥٣).

دواتر لەناوەڕاستی هەشتاکان شەماڵ حەمە تۆفیق لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی تۆماری دەکات، گۆرانییەکە دڵدارییە و پێدا هەڵگوتنە بەیار و دولبەر، لەجوانیا ڤینۆس و گوڵ ئیرەیی پێدەبەن، بەجۆرێک عاشقەکەی سەوداسەر کردووە نازانی سکاڵا و پەنا بۆ کێ بەرێ، تا لوتف بنوێنێ لەئاستیا پەری.

پەری

پەری گیان ئەی پەری

چەندی بڵێین دولبەری

لەکۆڕی نازدارانا

تۆ سەروەری و ڕابەری


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

ڤینۆس سەرسام ماوە چۆن

بێ و کڕنۆشت بۆ بەری

پەری پەری گیان ئەی پەری

+++++

کاتێ ئەڕۆی بۆ خۆشی و

لار و لەنجەت لێ ئەتکێ

گوڵ خۆیان فڕێ ئەدەن

بۆ پات ئەبن بەچەپکێ

منی سەودای تۆی وا شۆخ

سکاڵام بەرمە لای کێ؟

پەری پەری گیان ئەی پەری

+++++

بەڵێ سروشت ئەم جوانی و

شۆخ و شەنگیەی پێداوی

هەر دەڵێی خەیاڵی من

نەخشەی جوانی کێشاوی

بۆ ڕێی چاکەی پێداوی

نەک من بخەیتە داوی

پەری پەری گیان ئەی پەری


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

+++++

١٤- گۆرانی قژ:

گۆرانییەکی دڵدارییە، بەڵام لەناو گۆرانییەکە هەستی کوردانە دەربڕاوە، لای شاعیر هەر ئەندامێکی جەستەی ئافرەت ئەوە دەهێنێ چەند گۆرانییەکی پێدا هەڵبگوترێ، بۆیە دلێر ئەم گۆرانییەی تایبەت کردووە بە وەسفی قژی یارەکەی، بەوردی لەوەسفی قژ هاتۆتە خوار، هەر لەناو ئەو وەسفەی قژدا، باس لەوە دەکات کەلاوی کورد زوو سەری سپی دەبێت ((لەناو گۆرانی دڵداریشدا، هونەرمەند بەتایبەت شاعیری گۆرانییەکە، ئەگەر بەباشی شارەزای فۆلکلۆر و کەلەپوور و زمانەکە بێ، ئەتوانێ لەپەنایەکەوە، کوردایەتی یان چینایەتی هەندێ تێکەڵ بکا و داگیرکەر و کۆنەپەرست لێی قبوڵ بکەن))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ٤٧).

وەک ئەو کۆپڵەیەی دلێر خۆی لەناو گۆرانییەکی وەسفی ئەندامێکی جەستەی ژن کردوویەتی:

دوو سێ تاڵ لەو زەردە        سپییەکی بێ گەردە

ئا ئەمە نیشانەی        خاڵی هەرزەی کوردە

ئەم گۆرانییە بەدەنگی عەباس محەمەد لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی، لەساڵی ١٩٨٩ لەئامادەکردنی (سامان تایەر مەعروف) تۆمار کراوە.

قژ

قژی زەرد و خاوە

بۆنی وەک گوڵاوە

بۆ دڵی دڵداران

داوە داوە داوە

داوە داوە داوە

+++++

بەگەرمی هەناسەم


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

تێکدەچێ و دەگرێ خەم

جا من نازانم چۆن

بۆنیکەم ماچیکەم؟

قژی زەرد و خاوە

+++++

ئەگریجە بەسەر مل

بۆسەر سینگ داویە تل

بلێن لێی پیرۆز بێ

میوانی سێو وگوڵ

مەگەر هەر لەخۆی بێ

میوانی سێو و گوڵ

قژی زەرد و خاوە

+++++

دوو سێ تاڵ لەو زەردە

سپییەکی بێگەردە

ئائەمە نیشانەی

حاڵی لاوی کوردە[١]

قژی زەرد و خاوە

+++++


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٥- گۆرانی قیبلە:

دلێر بۆ ڕێزلێنان لەو شاعیرە گەورانەی کورد، ئاوازی بۆ سێ شیعری شاعیران (پیرەمێرد، نالی، حاجی قادری کۆیی) داناوە، گۆرانی (قیبلە)ش یەکێکە لەشیعرە بەرزەکانی نالی کە پڕە لەوردەکاری و ڕەوانبێژی و جوانکاری ((هۆنراوەیەکی (نالی)م کردووە بە گۆرانی لەسەرتای هەشتاکانەوە، داومە بەکوڕێکی کرێکاری دەنگ خۆش تا لەڕێگەی یەکێک لەتیپەکان تۆماری بکاو بیڵێ، ئەوا کاک (تەها قوبلە) پیربوو ئەو گۆرانییە لەتەلەفزیۆن هەردەرنەکەوت))(بەرزنجی، ٢٠١٢، ٥٢).

قیبلە

کە تۆی قیبلە، دەمت سابێنە قوربان

لەسەر قوبلە دڵم مەشکێنە قوربان

لەئاوی چاوی مندا خۆت ببینە

لەباتی مەنزەر و ئاوێنە قوربان

وەرە بنوارە دوو دەستی حەناییم

حەنایی چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان

شەقیکە، غەیری حوببی تۆی تێدابێ

بەدەستی خۆت، دڵم دەربێنە قوربان

لەبۆ خەڵکی خەڵات پەخشانی ماچە

خەڵاتی من هەموو خۆ جوێنە قوربان

فتوونی چاوەکانت نانوێنێ

بە (نالی) فیتنە بەس بنوێنە قوربان

١٦- گۆرانی خاڵ:

ئەم گۆرانییە هۆنراوەی حاجی قادری کۆییە لەناوەڕاستی هەشتاکاندا دلێر ئاوازی بۆ داناوە ((خۆم بەقەرزاری حاجی قادر دەزانم کە تائێستا شیعرێکی ئەویشم نەکردووەتە گۆرانی))(دلێر، ١٩٨٢، ٤٢).

دیارە شاعیر ئەو قەرزەی حاجی قادری داوەتەوە، بەڵام تا ئێستا تۆمار نەکراوە، ئەو گۆرانییەش کە هۆنراوەکەی کلاسیکەو ڕەوانبێژی و جوانکاری بنیاتی شیعرەکەیان پێکهێناوە، پێمان دەڵێت حاجی قادر لەشیعری کلاسیکیش هیچی کەمتر نەبووە لەشاعیرە کلاسیکیەکانی پێش خۆی، بەڵام ئەوە هەستی کوردانە لەئەستەنبول هانیداوە گۆڕانکاری لەشیعرەکانی بکاو وەک پەیامێک بینێرێ بۆ خەڵکی کوردستان، بەزمانی سادەو ساکار ئەو شیعرانەی ئەستەمبول بنوسێ.

خاڵ

ئەگەر خاڵت بڵێم میشکی خەتایە

عەزیزی من ئەمەم عەینی خەتایە(١)

لەبەر ئەو خێزەی سەبزەی دەوری لێوت

تەنم کاهیدە میسلی بەرگی کایە

دەڵێن عەنناب و شەککەر چاکە بۆ دەرد

گولاوی لێوی تۆ بۆمن شفایە

تەبیبم هاتە بالینم و وەهای گوت

درێغا دەردی عیشقە بێ دەوایە

ئەگەر کوفرە بڵێم من موبتەلاتم

وەرە سا بمکوژە بیللا غەزایە

ئەوە خاڵە لەسەر گۆنای شەریفت

وەیاخود دانەیی داوی بەلایە

خەمیدە قامەتی داوی خەمی تۆ


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە چەند خاڵێک کە ئەنجامی توێژینەوەکە دیاری دەکەن.

١- خالید دلێر وەک کەسایەتییەکی بەهرەمەند لەجیهانی ئەدەب و هونەر بەرهەمی جوان و نەمری پێشکەش کردووە لەبواری شیعر و چیرۆک و گۆرانی و سروود دا.

٢- خالید دلێر وەک تێکۆشەرێکی خاوەن باوەڕ و بەبیری مارکسیزم و نەتەوەپەروەرێکی چەپڕەو تا دوا ماڵئاوایی لەسەر ڕێباز و بیرو باوەڕەکەی سور بوو بەبێ سازش کردن لەگەڵ نەیارانی.

٣- ڕەنگدانەوەی بیری سۆسیالیزمی زانستی لەسەرجەم بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی و ڕەفتار پێکردنی لەژیانی ڕۆژانەی ئاسایی خۆیدا.

٤- دلێر گەرچی وەک شاعیرانی تر خۆی بەدوور نەگرتووە لەگرنگیدان بەبنیاتی هونەری شێواز، بەڵام زیاتر گرنگی بەناوەڕۆک داوە وەک شاعیرێکی خاوەن پەیام.

٥- دلێر وەک هونەرمەند و داهێنەری گۆرانی هونەری لەپەنجاکانی سەدەی بیست بە چەند گۆرانییەک توانیویەتی خزمەتی هونەری کوردی بکات کە بەشێک لەگۆرانییەکانی ئێستاکەش زیندوو و نەمرن.

سەرچاوەکان

کتێبی کوردی:-

١- ئەحمەد، وریا، ٢٠١٥، خالید دلێر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢- باقی، محەمەد حەمە، ٢٠٠٢، مێژووی مۆسیقای کوردی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئارس، هەولیر.

٣- بەرزنجی، یاسین، ٢٠١٢، بیرەوەریە هونەریەکانی مامۆستا خالید دلێر، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

٤- تۆمابوا، ١٩٨، و: لەعەرەبیەوە حەمەسەعید حەمەکەریم، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی

٥- دلێر، خالید، ١٩٨٦، دەریاش هەڵچوونی هەیە، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا.

٦- دلێر، خالید، ٢٠٠٣، چەند وشەیەک بۆ مێژوو، سلێمانی.

٧- دلێر، خالید، ٢٠٠٣، هونەری گۆرانی کۆیە و تایەر تۆفیق، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.

٨- دلێر، خالید، ١٩٨٢، دەستنووس.

٩- دلێر، خالید، ١٩٩٧، هەندێ لەبیرەوەریە سیاسی و هونەریەکانم، ، سلێمانی.

١٠- رەسوول، عیززەدین مستەفا، ١٩٧٠، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.

١١- رەسوول، شوکریە .د ١٩٨٤، فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی، چاپ خانەی زانکۆی سلاح الدین ، هەولێر.

١٢- سەجادی، عەلائەدین سەجادی، ١٩٥٢، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپ خانەی معاریف، بەغداد.

١٣- شارەزا، کەریم، ٢٠١٣، کۆیەو شاعیرانی، بەرگی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

١٤- شارباژێری، عوسمان، ١٩٨٥، گەنجینەی گۆرانی کوردی، چاپخانەی زەمان، بەغدا.

١٥- موکری , محەمەد ،١٩٥٠، ترانەهای کوردی، چاپخانەی تاران.

گۆڤار

١٦- بەرزنجی، معروف، ١٩٥٨، کۆن و تازە لە شعردا، گ: شەفەق، ژ:١٠، کەرکوک.

١٧-  دەوەن، ٢٠٠٧، دەنگەئاسمانیەکان، گ: گەلاوێژی نوێ، ژ:٤٥، سلێمانی.

١٨- نوری، محەمەد، ١٩٤٦، شع، گ: کوردستان، ژ:٣، مهاباد.

١٩- وەهبی، تۆفیق، ١٩٧٣، ئەسلی پیشە قالبی (نە) شێوە سلێمانی، گ: کۆری زانیاری کورد، بەشی یەکەم و بەرگی یەکەم، چاپ خانەی کۆری زانیاری کورد، بەغداد.

٢٠- حەسەن، محەمەد فەریق، ١٩٨٨، ڕایەک لەسەر ئاواز و گۆرانی کوردی، ڕ. هاوکاری، ژ: ٩٨٢، بەغدا.

کتێبی عەرەبی

٢١- الطاهر، على جواد، ١٩٧٩، مقدمه فى النقد الادبى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.

خالد دلير
حياة والشخصية وأغانى

يعتبر عالم خالد دلير عالماً نادراً وفريداً من نوعه، فهو شخصية وانسان مثير للجدل، ذات ابعاد وجوانب متعددة ومختلفة فهو الذي يمثل ابتداءً شخصية الانسان المكافح والمناضل السياسي وشخصية شاعر واديب وناقد ثوري واخيراً شخصية فنان ماهر ومبدع في مجال اللحن والغناء والانشاد.

فكان هو اذا شخصيات نضاليه واديبه وفنيه في كيان رجل واحد اسمه خالد دلير. وقد ساهم وانتج وابدع في مجالات مختلفة وعدة؛ في مجال الشعر و القصة والمقالة والنقد الادبي، في دنيا الالحان والاغاني والاناشيد وقبل هذا وذلک عاض غمار الكفاح السياسي الوطني والايديولوجي منتصراً لقضايا الشعب والوطن والقضية العمال والكادحين.

وجاءت الرسالة هذه كجهد اكاديمي متواضع لتغطي الجوانب المختلفة, من شخصية خالد دلير النضالية والادبية والفنية.

تم اتباع المنهج الوصفي – التحليلي في الدراسة لكي تتم وتكتمل الجانب النظري وتقترن مع جانب التطبيقي لتأخذ الموضوع صورتها العلمية والشاملة.


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

تم تخصيص الاعمال ونتاجات خالد دلير الفنية، حيث ساهم في اغناء وتطوير هذا النمط من العمل الفني وابدع، وصولاً الى ألحانه واغانيه الفنية الحديثة بشكل تفصيلي وموسع.

لنختتم الرسالة بالنتائج التي تم التوصل اليها من خلال البحث والدراسة، مع قائمه بالمصادر المنوعة فلخصين باللغتين العربية والانجليزية.


The word of Khalid Dler is a unique word.

He is a controversial and a versatile character. He is a striving and political character, he is a poet, literary man and a revolutionary ceitic and also he is a creative artest plus having interests in music and singing.

He conteibuted,prodused and corporate in many filds like poerty, short stores, essays and literary crititism. Biseds, he was famous as a revolutionary figure who always for his people and country. This study is meant to be as a humble tribute to the great efforts of this man and his creativety in deffrent themes. Deals with the biography of Khalid Dler, beginning with his early grawing and ending with his political activities. His work as a singer and music composer as the contributed to the evolution of modern songs and music.

The study ends with a conclusion that sums up the finding of the study. This is followed by a bibliography and am Abstract.



e-ISSN (2522-7130)		p-ISSN (2410-1036)